# پاڵنەری زانەکی و پەیوەندی بە لێهاتویی پیشەیی لای مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی

**رێباز ابراهیم أحمد [١]، بەهـات عبدالرزاق سعید [٢]**

[١،٢] بەشی پەروەردە و دەروونزانی، فەکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ، بریتییە لە زانینی جیاوازیی ئاستی پاڵنەری زانەکی و لێهاتویی پیشـەیی لای مامۆسـتایانی قۆناغی ئامادەیی بە گشـتی ، زانینی جیاوازیی ئاسـتی پاڵنەری زانەکی و لێهاتویی پیشـەیی لای مامۆسـتایانی قۆناغی ئامادەیی بە گوێرەی گۆڕاوە دیموگرافیەکانی ( ڕەگەز ، سـاڵانی خزمەت ، پسـپۆڕی ) ، زانینی پەیوەندی نێوان پاڵنەری زانەکی و لێهاتویی پیشـەیی لای مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی ، توێژەر میتۆدی وەصفی پەیوەندی بەکارهێناوە ، کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە سـەرجەم مامۆسـتایانی قۆناغی ئامادەیی لە خوێندنگاکانی حکومی بۆ سـاڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) لە قەزای پشـدەر کە بریتی بوون لە (٦٦٠) مامۆسـتا لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ ، نمونەی توێژینەوەکە (٤٢٠) مامۆسـتا بوو ، کە بەشـێوەی هەڕەمەکی چینی گونجاو هەڵبژێردرابوون ، ئەو کەرەسـتانەی بەکارهاتووە ، بریتین لە پێوانەکانی (پاڵنەری زانەکی و لێهاتویی پیشـەیی) کە توێژەر وەریگرتوون و ئامادەی کردون ، دوای دەرهێنانی ڕاستگۆیی و جێگیریی بۆ پێوانەکان دابەشـیکرد بەسـەر نمونەی توێژینەوەکەدا ، بۆ شیتەڵکردنی ئەنجامەکان توێژەر سودی لە هەگبەی ئاماریی بۆ زانسـتە کۆمەڵایەتیەکان (SPSS) وەرگرت، گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشـتووە بریتییە لە : پاڵنەری زانەکی و لێهاتویی پیشـەیی لای مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی لە سـنوری پەروەردەیی پشدەر لە ئاستێکی بەرزدایە ، هەروەها دەرکەوت کە پاڵنەری زانەکی پەیوەندی ئاماریی بە هەرسێ ڕەهەندەکانی( زانەکی ، ڕەفتاری ، سۆزداری) لێهاتویی پیشـەیی هەیە ، جۆری پەیوەندییەکە ڕاسـتەوانەیە، واتە بە زیادبوونی پاڵنەری زانەکی لێهاتویی پیشـەیش زیاد دەکات و بە پێچەوانەشەوە ڕاستە ، لەڕوی هێزەوە ئەم پەیوەندییە بە پەیوەندییەکی مام ناوەند ئەژمار دەکرێت.

**وشە سەرەکییەکان:** پاڵنەری زانەکی ، لێهاتویی پیشـەیی ، تیۆری ڕەفتاری ، تیۆری هنری مۆرای، قۆناغی ئامادەیی.

## ١. پێشەکی [١]

پەروەردە پڕۆسەیەکی بەهێزە کە تاک و کۆمەڵگا بە یەکسانی لە قاڵب دەدات. نەک تەنها وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و لێهاتویی بەڵکو وەک ڕێگایەک بۆ گەشەکردنی کەسی و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی. ) العمراني ، ٢٠١٢: ١٩(

پاڵنەری زانەکی یەکێکە لەو چەمکە پەروەردەییانەی کە مامۆستایان بۆ جێبەجێکردنی لێهاتویە پیشەیەکەیان پێویستە خۆیان پڕ زانست و زانیاری بکەن ، چونکە خوای گەورە توانای تێگەیشتن لە زانستی بەخشیوە بە مرۆڤ و پاڵنەری زانەکی بۆ دابین کردووە بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی جیهانی دەرەکی لە فۆڕمی چەندایەتی و چۆنایەتی بکات. (محمود ، ٢٠٠٤: ١٢).

سەرکەوتنی سیستەمی پەروەردەیی بەندە بە لێهاتویی پیشەیی مامۆستا لە ئەنجامدانی ئەرکە پیشەییەکانی و تێگەیشتن لە پڕۆسەی وانەوتنەوە و پابەندبوونی بە ڕەوشتی پیشەییەوە بە هەبوونی کۆمەڵێک تایبەتمەندی دەرونی و زانەکی و کۆمەڵایەتی ، لێهاتویی دەرونی و کۆمەڵایەتی بەدەست دەهێنرێت، چاوەڕوان دەکرێت لە مامۆستایان زانیاریەکانیان و ڕێنمایەکانیان بەشێوازێکی بنیادنەر بە خوێندکاران بدەن و هانیان بدەن بۆ بیرکردنەوە و داهێنان . (مراد ، ٢٠١٩: ٢).

### ١.١ گرفتی توێژینەوەکە :

پەروەردە پڕۆسەیەکی مرۆیی بەردەوامە ، بەردەوام لەڕوی زانەکی و کۆمەڵایەتی و ئابوری نوێگەری بۆ کۆمەڵگا بەدیدەهێنێت ، بەردەوام لە فراوان بوون و پەرەسەندندایە جێی گرنگیدانە ، لە ئێستادا بەرپرسیاریەتی ئاوێتە و فرە ڕەهەندە ، بۆ ئاراستەکردن و وشیاری و ڕۆشنبیری بە مەبەستی گۆڕینی ڕەفتاری تاك و کۆمەڵ وەستاوەتە سەر ئەو ڕۆڵەی پڕۆسەی پەروەردە دەیبینێت.(سعید،٢٠٢٣: ٤).

هەر بۆیە ئەم پێشکەوتنانە ئەرکی مامۆستایانیان هێندەی تر قورستر کردووە بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر گرفت و پێشهاتەکاندا ، ئەمەش دەمانخاتە بەردەم ئەو ڕاستیەی کە پێویست دەکات مامۆستایان زیاتر گرنگی بە لایەنە ڕۆشنبیری و زانەکی و لێهاتویە پیشەیەکەیان بدەن وە پێویستە دامودەزگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان ، مامۆستایان

[١] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی 9، ژمارە 2 (2026)
ڕێککەوتی: وەرگرتن 14 ئادار 2025؛ پەسەندکردن: 21 نیسان 2025
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە 26 تەمووز 2026 بڵاوکراوەتەوە.

ئیمەیڵی توێژەر: rebazibraheem2@gmail.com

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © 2026 ڕێباز ابراهیم أحمد ابراهیم، بەهـات عبدالرزاق سعید، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

ئامادە بکەن لەڕوی زانەکی و پیشەیی و کەسیەتی و توانای گەیاندن، بۆ ئەوەی ئەم ڕۆڵە مەزنە جێبەجێبکەن و پەیامەکانی پەروەردە و فێرکردن لە خزمەت کۆمەڵگادا بێت و دور بێت لە مەزاج و سۆز و هەڵچونە ناوەکییەکانی مامۆستا بۆ ئەوەی کاریگەریی نەرێنی لەسەر پرۆسەی فێرکردن نەبێتBrookfield) .،٢٠١٥ .(5 :

توێژەر بەهۆی کارکردنی وەکو سەرپەرشتی پەروەردەیی و تێکەڵ بوون لەگەڵ مامۆستایان و خوێندکاران و گفتوگۆی کراوە و ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ خێزانی خوێندکاران ، بۆی دەرکەوتووە کە گرفتێك لە سەردەمی ئەمڕۆدا لە ناو مامۆستایان و کادیرانی پەروەردە هەیە، ئەویش پشتگوێ خستنی لایەنی زانەکییە لە لایەن مامۆستایان، گازندەی خێزانی خوێندکاران کە مامۆستایان خۆیان تەرخان نەکردووە بۆ پیشەکەیان و گرنگی بە زانستی سەردەم نادەن ، توێژەر پێیوایە هۆکارەکەی لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەو گیروگرفتانەی لەو چەند ساڵانەی دوایدا بەرۆکی مامۆستایانی گرتووە لە نەبوونی موچە و بایکۆتی دەوام و خراپی بژێوی ژیان و کەمی ئەو پێداویستیانەی کە پێویستن بۆ دەوڵەمەندکردنی پێودانگی زانستیی و زانەکی مامۆستایان لەو هۆکارانەش وەکو ( کەمی کتێبخانە و پەرتوك و کەمی پێداویستی فێرکاری و کەمی تاقیگەی زانستیی و کەمی خول و وۆرك شۆپ و نەڕەخساندنی هەلی پێویست بۆ ئەوەی مامۆستایان زیاتر پەرە بە پسپۆڕیەکەی خۆیان بدەن و خوێندنی بەرزتر تەواو بکەن یان سەپاندنی وانەیەك لە دەرەوەی پسپۆڕی خۆیان لە لایەن دەستەی کارگێڕیەوە بۆیە مامۆستایان نەیانتوانیوە پیشەییانە ڕۆڵی خۆیان لە ناوەندەکانی خوێندندا بگێڕن .

پاڵپشت بە توێژینەوەی (ابو عیشة ) پێیوایە یەکێک لە گرنگترین بابەتەکانی گەشەپێدان کە بنەمای پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان و بەکارهێنانی تواناکانمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئالانگاریە زۆر و خێراییانەی کە بەسەرماندا دێت، ئەویش ئامادەکردنی مامۆستایانە وە بەهێزکردنی پاڵنەرەکانیان بەرەو پەروەردە بە شێوەیەک کە هاوتەریب بێت لەگەڵ پێداویستییەکانی کۆمەڵگاکەیان لە سەدەی بیست و یەک ئەو ئالانگاریانەی کە کۆمەڵگاکان لە سەرانسەری جیهاندا ڕووبەڕویان دەبێتەوە گەورە و زۆرن، پێشبینیکردنی قەبارە و ڕادەی کاریگەرییەکانیان ئەستەمە، بۆ ئەوەی هاوسەنگ بین لەگەڵ گەلانی تر و پێشهاتە جیهانییە هەنوکەییەکان پێویستمان بە ئامادەکردنی تاکێکی هۆشیارە، کە پابەند بێت بە پرسەکانی نەتەوەکەی و توانای داهێنان و گەشەپێدان و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی هەبێت.( ابوعیشة , ٢٠١٩: ٣٨٩).

بەهۆی دروستبوونی پرسیار لە لای توێژەر و نەبوونی وەڵامێکی زانستیی ڕون سەبارەت بە پاڵنەری زانەکی لای مامۆستایان لە چ ئاستێکدایە؟، هەروەها ئاستی لێهاتویی پیشەیی لای مامۆستایان چۆنە ؟ ئایا هیچ پەیوەندییەك لەنێوان ئەم دو گۆڕاوەدا هەیە ؟ توێژەر ئەمەی وەك پرسیارێکی بێ وەڵام بینی کە شایەنی بەدواداچوونە بەپێی گەڕان و زانیاریەکانی توێژەر، لە پێشوتردا توێژینەوەی لەمجۆرە لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە ئەنجام نەدراوە ، بۆیە بڕیاری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەی دا .

### ١ .٢ گرنگی توێژینەوەکە:

پەروەردە پرۆسەیەکی ئاڕاستەکراو ڕێکخراوە بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی ، هەروەها سودێکی زۆری لە بنیادنانی ژیانی تاك و ژیانی کۆمەڵگادا هەیە و ئەم گرنگییە زۆر لایەن لەخۆ دەگرێت لەوانە : پێکهێنانی کەسایەتی تاك یەکێکە لە گرنگترین شتەکان کە دەبێت لەسەر بنەمایەکی دروست بێت لە سەرەتاوە ئەو بنەمایەی کە کەسایەتی لەسەری بنیادنراوە چەند شتێکە گرنگترینیان پەروەردەیە جا چ لە دامەزراوەی پەروەردەیی خوێندنگا یان زانکۆ بێت، جگە لە کاریگەریی کەلتور و داب و نەریت و پەروەردەی دایك و باوك و ئاین، بەڵام پەروەردە ڕۆڵێکی سەرەکی و جەوهەری هەیە ، چونکە پەروەردە متمانە لەنێوان خەڵکدا بەشێوەیەکی ڕون دروست دەکات. (ربیع ، ٢٠٠٨ :١٥) .

بەڕای توێژەر پەروەردە سودێکی زۆری لە بنیادنانی ژیانی تاک و ژیانی کۆمەڵگادا هەیە و ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی پەروەردە کە جاران لەپێشودا بەشێوەیەکی کلاسیکی جێبەجێ دەکرا یان خێزان ڕۆڵ و ئەرکی سەرەکی لەجیاتی دامەزراوە پەروەردەییەکان دەبینی ، ڕون و ئاشکرایە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەهۆی گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و زیاد بوونی پێویستیەکانی تاك و کۆمەڵگە و کراوەنمان بەڕوی پەروەردەیی هاوچەرخی وڵاتاندا پێویستە پەروەردە و فێرکردن لە وڵاتی ئێمەش هاوشانی پەروەردەیی وڵاتان خۆی بگونجێنێت ، مامۆستایان کارەکتەری سەرەکین بۆیە پێویستە مامۆستایان بەردەوام لە هەوڵی گەڕان و بەدواداچوونی زیاتردا بن لێهاتویی پیشەیەکانیان فراوانتر بکەن و بتوانن لە ئاست داواکاری کەرتی پەروەردە و کۆمەڵگە و خوێندکاراندا بن .

مامۆستایان پایەی سەرەکی پرۆسەی خوێندنن ، ئەوان بە پلەی یەکەم بەرپرسیارن لە ئامادەکردنی نەوەیەک کە توانا و بەرهەمەکانیان پێویستن بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و کەلتوری و ئابوری کۆمەڵگا ئاستی سیستەمی پەروەردەیی لە ئاستی مامۆستاکانی تێناپەڕێت، بۆیە کوالیتی قوتابخانە و کوالیتی پرۆسەی خوێندن بەندە بە کوالیتی مامۆستاکانییەوە ، مامۆستا ئەو سەرکردە ڕاستەقینەیەیە کە سەرکردایەتی وڵات بەرەو گەشەپێدان دەکات ، بۆیە گەشەپێدانی پیشەیی مامۆستایان بناغەی بنەڕەتی پەروەردەیەکی ئاست بەرزە ، مامۆستایان دەبێ خاوەنی ئەو لێهاتوییە پێویستانە بن کە پێکدێن لە تێکەڵەیەکی ئاڵۆز لە کارامەیی ژیانی جۆراوجۆر و زانیاری تایبەتمەند، توانا کەلتوری وکۆمەڵایەتی و ئابورییەکان، لێهاتویی کەسی و ڕەفتار و بەها یەکگرتووەکان کە لە چوارچێوەی ئەدای کاردا دەردەکەون. (حباکە، ٢٠٢٢: ٣٣) .

پاڵنەرە زانەکییەکان لە پرۆسەکانی فێربوون و دەسکەوت و ئەنجامداندا گرنگییەکی زۆریان هەیە، بەو پێیەی ئەو تاکانەی کە بڕێکی پێویست پاڵنەریان و مەیلیان هەیە بۆ فێربوون ، بە بەراورد لەگەڵ هاوکارەکانیان کە پاڵنەرێکی زانەکی کەمیان هەیە. ئەو کەسانەی کە پاڵنەرێکی زانەکی بەرزیان هەیە بەزۆری زیاتر مەیلیان بۆ لێکۆڵینەوە هەیە و زیاتر جددی بن لە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە ئەرکە پەروەردەییەکان و ماناداركردنی نەک کارلێککردن بە شێوەیەکی ڕوکەش . (علاونە ، ٢٠٠٤: ٤٣).

زۆرێک لە وڵاتان گەشەپێدانی پیشەییان بۆ مامۆستایان خستووەتە چوارچێوەی پلاندانانی هەمەلایەنەی سیاسەتە پەروەردەییەکانیان، هەروەها سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردەیی و گەشەپێدانی خوێندکارانیان بە باشترکردن و گەشەپێدانی پیشەیی مامۆستایانەوە گرێداوە ، بە گرنگیدان بە چەندین دیاریکەر کە بریتی بوون لە: دامەزراندنی هاوسەنگ لەگەڵ پێداویستییە پەروەردەییەکان، پەرەپێدانی پیشەیی بەردەوام و موچەی شایستە وە پەرەپێدانی ئاسۆی پیشەیی و باشترکردنی بارودۆخی کارکردن لە فێربوون و فێرکردن). (یونسکۆ، ٢٠٢٠ : ١٧(

پاڵپشت بە توێژینەوەی بۆرکۆ (٢٠٠٨) ئەنجامدراوە ، لەسەر پەرەپێدانی پیشەیی مامۆستا پێشنیازی ئەوە دەکەن، کە ئەو مامۆستایانەی کە پاڵنەرێکی زانەکی بەرزیان هەیە زیاتر سەرقاڵی فێربوون و وەرگرتنی پراکتیکی نوێی وانەوتنەوەن، لێکۆڵینەوەکانی بۆرکۆ لەسەر چوارچێوەی پەرەپێدانی پیشەیی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو مامۆستایانەی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp242-255

کە پاڵنەرێکی ناوەکییان هەیە بۆ فێربوون زیاتر سودمەند دەبن لە دەستپێشخەرییەکانی پەرەپێدانی پیشەیی و بە شێوەیەکی کاریگەر لە پۆلدا جێبەجێیان بکەن. ( بۆرکۆ ،۲۰۰۸: ۳-۱۵) .

بەپێی زانیاریەکانی توێژەر ئەمجۆرە توێژینەوەیە زۆر پێویستە بۆ پەرەپێدانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و هاوسەنگ بوون لەگەڵ کۆمەڵگا مۆدێرنەکان لە شێوازە پەروەردەییەکاندا بۆیە پێویستە گرنگی بە لێکۆڵینەوە لەم لایەنە بدەین و کاربکەین بۆ بەرزکردنەوەی بۆ ئاستی پێویست وە پێویستە ئەمجۆرە توێژینەوەیە بە وردی و گشتگیرتر لە بوارەکانی پەروەردەدا ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی ئەنجامەکان دیاریبکرێت کە یارمەتیدەر بن بۆ باشترکردنی ئەم بوارە گرنگە لە بنیاتنانی کۆمەڵگادا.

### ۱.۳ ئامانجەکانی توێژینەوەکە :

ئامانجی توێژینەوەکە بریتین لە -:

۱- زانینی ئاستی پاڵنەری زانەکی و لێهاتویی پیشەیی لای مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی بە گشتی.

۲- زانینی ئاستی پاڵنەری زانەکی لای مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی بە گوێرەی گۆڕاوە دیموگرافیەکانی ( ڕەگەز ، ساڵانی خزمەت ، پسپۆڕی ).

۳- زانینی ئاستی لێهاتویی پیشەیی لای مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی بە گوێرەی گۆڕاوە دیموگرافیەکانی ( ڕەگەز ، ساڵانی خزمەت ، پسپۆڕی ).

٤- زانینی پەیوەندی نێوان پاڵنەری زانەکی و لێهاتویی پیشەیی لای مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی .

### ۱.٤ سنوری توێژینەوەکە :

سنوری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە -:

۱- سنوری مرۆیی: مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی.

۲- سنوری شوێنی: پەروەردەی پشدەر

۳- سنوری کاتی : ساڵی(2024-2025)

٤- سنوری بابەتی : پێوانەکردنی پاڵنەری زانەکی و لێهاتویی پیشەیی مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی.

### ۱.٥ پێناسەکردنی زاراوەکانی توێژینەوەکە :

**پاڵنەری زانەکی (المعرفي) : Cognitive Motivation**

**پێناسەی (محمد ، ۲۰۱۹):** ئارەزوی بەردەوام و هەمیشەیی تاک بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاری لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە و پرسیارکردنەوە بۆ ئەوەی هەموو شتێکی نوێ لە بواری خوێندنەکەیدا بزانێت. (محمد ، ۲۰۱۹ :۲۷۳).

پێناسەی ڕێککاری بۆ پاڵنەری زانەکی :

بریتییە لە کۆی ئەو نمرانەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە دوای وەڵام دانەوەیان بۆ پێوانەی پاڵنەری زانەکی بە دەستی دەهێنن ، کە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بەکاری دەهێنێت .

**لێهاتویی پیشەیی : Professional skills**

**پێناسەی (قاسم , ۲۰۱۵):** بریتییە لە توانای بەکارهێنانی لێهاتویی و زانیاری کەسی لە بارودۆخی نوێدا لە چوارچێوەی بوارە پیشەییەکەیدا لەخۆدەگرێت ، هەروەها ڕێکخستن و پلاندانانی کارەکان و داهێنانەکان لەخۆدەگرێت . (قاسم , ۲۰۱۵: ٦٨٦)

پێناسەی ڕێککاری توێژەر بۆ لێهاتویی پیشەیی:

بریتییە لە کۆی ئەو نمرانەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە دوای وەڵام دانەوەیان بۆ پێوانەی لێهاتویی پیشەیی بە دەستی دەهێنن ، کە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بەکاری دەهێنێت .

## ۲. چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە

### ۲.۱ پاڵـــــنەری زانـــــەکی ( الدافع المعرفي ) :Cognitive motivation

چەمکی پاڵنەری زانەکی: (The concept of scientific motivation)

پاڵنەری زانەکی یەکێکە لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی مرۆڤ، بەو پێیەی ئەم چەمکە ماوەیەکی زۆرە لەلایەن دەروونناسانی گشتاڵتەوە پەرەی پێدراوە. یەکەم کەس بوون کە چەمکی پاڵنەری زانەکیان جیاکردەوە و بە شێوەیەکی ئەزمونی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کرد. ئەوان بە پێویستی تاک بۆ بنیاتنانی بارودۆخی گونجاو بە شێوازی یەکگرتو و مانادار وەسفیان کردووە. پێویستی بە تێگەیشتنە لە جیهانێکی پڕ لە ئەزمون و کردنی بە لۆژیکی و پەسەندکراو. جگە لەوەش کاتێک ئەم پێویستییە دەبێتە هۆی بێزاربوونمان هەستی گرژی و بێزاری سەرهەڵدەدات، کە دواتر دەبێتە هۆی هەوڵدانی کاریگەر بۆ زاڵبوون بەسەر دۆخەکەدا و زیادکردنی تێگەیشتن ، پاڵنەری زانەکی لە هەبوونی خواست و ئاشکراکردنی لایەنی ڕاستی شتەکان و هەڵێنجاندا دەردەکەوێت و ڕەنگە بۆ هەندێک تاک زیاتر ڕون بێت لەوەی بۆ هەندێکی تر. پاڵنەری زانەکی یان پێویستی بە زانین لە (شیکردنەوە، ڕێکخستن، بەستنەوە و دۆزینەوەی پەیوەندییەکان)دەردەکەوێت Hussein)، ۲۰۲۲.(368 :

**پێکهاتەکانی پاڵنەرە زانەکییەکان:(Components of cognitive motivation)**

پاڵنەرە زانەکییەکان لەمانەی خوارەوە پێکدێن:

۱ .بەردەوامیی زانەکی: بە واتەی حەزکردنی تاک دێت بۆ چالاکییە دەروونییەکان کە پێویستیان بە بیرکردنەوە یان فێربوون لەبارەی شێوازە نوێیەکانی بیرکردنەوە و فێربوونی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی بیرکردنەوەی تایبەت هەیە .

۲ .ئاڵۆزیی زانەکی: ڕەنگدانەوەی پەسەندکردنی تاکەکەسە بۆ چالاکییە دەروونییە ئاڵۆزەکان و هەروەها حەزکردنی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە ئاڵۆزەکان و حەزکردنی بۆ بەرنامە پەروەردەییەکان و بەرنامەکانی کات بەسەربردن.

۳ .متمانەی زانەکی: متمانەی تاک بە یەکگرتن لە نێوان چالاکییە دەروونییەکاندا دانراوە . (جبار , سعید , ۲۰۲۱ : ۲۳۷).

**جۆرەکانی پاڵنەری زانەکی : (Types of cognitive motivation)**

پاڵنەری زانەکی ئەو پاڵنەرە ناوخۆییەیە کە تاکەکان هاندەدات بۆ بەدەستهێنانی زانست و تێگەیشتن، بە یەکێک لە گرنگترین پاڵنەرەکان لە بواری فێربوون و پەروەردەدا دادەنرێن. چەند جۆرێک لە پاڵنەری زانەکی هەیە لەوانە :

۱- پاڵنەر بۆ گەڕان (الدوافع الاستكشاف) : ئارەزوی فێربوونی بابەتی نوێ و دۆزینەوەی زانیاری نەبیستراو ئەمجۆرە بە هەڵێنجان و بەدواداچوونە بۆ تێگەیشتن لە بابەتە ئاڵۆزەکان تایبەتمەندە.

۲- پاڵنەر بۆ تێگەیشتن: ئارەزوی تێگەیشتن لە بیرۆکە و چەمکەکان بە قووڵی و

پێکهێنانی ڕوانگەیەکی یەکگرتو بۆ بابەتگەلی جیاواز، ئەمەش دەبێتە پاڵنەرێک بۆ تاکەکان و پرسیارکردن و دۆزینەوە و ڕونکردنەوە.

٣-پاڵنەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان: ئارەزوی ڕوبەڕووبوونەوەی ئالآنگاری زانەکی کە پێویستی بە بیرکردنەوەی لۆژیکی یان داهێنەرانە هەیە بۆ گەیشتن بە چارەسەر.

٤-پاڵنەری هاندانی دەستکەوت: خواستی گەیشتن بە ئامانجە زانەکییە بەرجەستەکراوەکانە، وەک سەرکەوتنی ئەکادیمی یان نمرەی بەرز، زۆرجار بەهۆی ئامانجەکانی پەیوەست بە هەڵسەنگاندن یان دەستکەوتی کەسییەوە پاڵدەنرێت.

٥-پاڵنەر بۆ گەشەپێدانی خود : پاڵنەر بۆ باشترکردنی بەردەوامی خود و بەدەستهێنانی لێهاتویی و زانیاری نوێ بە مەبەستی گەشەکردنی کەسی و پیشەیی.

٦-پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان: هەندێک لە تاکەکان پاڵنەرێکی زانەکی لە کاتی کارلێککردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەدۆزنەوە ، چونکە بەهۆی پێویستیە کۆمەڵایەتیەکان و ئاڵوگۆڕی زانیارییەوە دەوروژێن .(الشمری ، ٢٠١٦: ٣٤٣) .

### ٢. ٢ هەندێك لەو تیۆرانەی پاڵنەر ڕون دەکەنەوە ( They Explain the Theories of Motivation)

### تیۆری هنری مۆرای :Henry Murray's theory (1936)

یەکەم کەس بوو کە چەمکێکی تایبەتی پاڵنەری زانەکی بخاتەڕو ، لیستی سەرەتایی بیست پێویستی دانا لە ڕێکخستنی پێکهاتەی پاڵنەرە زانەکیەکاندا ، ئەو پێداویستیانەی کە کاریگەرییان لەسەر خوێندکاران هەیە، هەڵوێستی ئەو لەسەر ئەم پێداویستیانە پێیوابوو چەمکێکی گریمانەین ، لەسەر بنەمای فسیۆلۆژی, چونکە هێزێکی کیمیایی لە مێشکدا لەخۆدەگرێت کە هەموو تواناکانی دەرونی یان زانەکی ڕێکدەخات و ئاڕاستەی دەکات ،بۆیە پێویست بوو مرۆڤ ئەو ئاستە گرژییە بەرز بکاتەوە کە تاک هەوڵی شاردنەوەی دەدات بە تێرکردنی پێویستییەکە.لیستی سەرچاوەکان سنوردار بوون پێداویستییە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکان و پێداویستییە جەستەییەکان بەدەر کرابوون.ئەم لیستە بە یەکێک لە باشترین لیستەکان دادەنرێت, کە لەسەر پاڵنەرەکان پێشکەش دەکرێت، ئەو پێداویستیانە لەخۆدەگرێت کە پەیوەندییان بە ئەرکەکانی تاک و ئەو کاریگەریانە لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەوانی تردا هەیە ، خووەکانی خوێندنیان ڕێکدەخات و ئەم ڕەهەندانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت (بەدواداچوون بۆ زانین، خۆشەویستی ، گەڕان و پێشەنگایەتی، قبوڵکردنی ئالآنگاریەکان) و ئەم ڕەهەندانە بنەمای بنیاتنانی پێوەرەکانی پاڵنەری زانەکییان پێکهێنا ، (هێنری مۆرای) ڕێبازی پێداویستییەکانی مرۆڤیان وەک پاڵنەرە ڕەسەنەکان بۆ ڕەفتاری مرۆڤ پێشنیاز کرد ئەو ڕێبازێکی هەمەلایەنەی کەسایەتی خستەڕو کە بە مامەڵەیەکی ورد و واقیعی جیاکرایەوە و ئەو ڕێبازە بوو بە چەمکسازی پاڵنەر یەکێکە لە چەمکە بەهێزەکان لە دەروناسیدا و مۆرای ڕێبازی پێویستییەکانی پەرەپێدا و بەستیەوە بە ئامانجەکانەوە.ئەو درکی بەوە کرد کە چەندین پێویستی هەیە کە پەیوەندییان بە پاراستنی هاوسەنگی و پەیوەندیدار بە لایەنە فسیۆلۆژیەکانەوە هەیە و ناوی لێنان پێداویستییە فسیۆلۆژیەکان، و ئەو پێناسەی کردون بۆ (١٢) پێداویستییەکان هەروەها پێویستییە گرنگترەکانی خستەڕو، کە پێداویستییەکانی( ڕێکخستن ، خاوەنداریەتی ، بەدەست هێنان ، کات بەسەر بردن ، دەستکەوت ، شکست ، شەرەف ...هتد) (بلقيس و مرعي ، ١٩٨٣: ٩٤).

بەڕای توێژەر ئەم تیۆرە سودی بۆ مامۆستایان دەبێت, کە پێویستە مامۆستایان پاڵنەرەکانیان بەپێی پێویستیەکانیان ڕێکبخەن و ڕادەی گەڕان و بەدواداچوونیان بۆ زانست و زانیاری بەرز بکەنەوە ، هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕوانگەیان بۆ شیکردنەوەی چەمکە ئاڵۆزەکان و ڕونکردنەوەیان ، هەروەها بەرزکردنەوەی توانای داهێنان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان و گەشەکردنی کەسایەتی و گرێدانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هاوپیشەکانیدا لەکاتی جێ بەجێکردنی لێهاتویە پیشەیەکانیان.

## ٢. ٣ لێهاتویی پیشەیی:(Professional competence) :

### مانای چەمکی لێهاتویی:Meaning of the concept of competence

چەمکەکانی لێهاتویی زۆر بوون و زۆر جیاواز بوون و ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێت کە ئەم زاراوەیە زیاتر لە بوارێکدا بەکارهاتووە و چەمکەکە بەپێی بەکارهێنانی جیاواز بووە.کارامەیی لە شوێنی کاردا یەکێکە لەو بابەتانەی بووەتە جێگای سەرنجی بەرپرسانی پیشە جیاوازەکان ، لە پیشەسازی و ئابوری، لە بواری تەندروستی، لە بواری پەروەردە و لە بوارەکانی دیکەدا .هەندێکیان بە توانا و لێهاتویی پێناسەیان کردووە، هەندێکیان بە ئەنجامدانی کارێک بە ئاستێکی دیاریکراو لە توانای کارکردن پێناسەیان کردووە، هەندێکیشیان بە توانا و ئەدای کارکردن. (هاملي،٢٠١١: ٥٠).

### تایبەتمەندیەکانی لێهاتویی پیشەیی (Characteristics of Professional Competence) :

١-بەشداریدەکات لە دابینکردنی زانیاری جۆراوجۆر بە مەبەستی بەدەستهێنانی هەندێک ئامانج یان چالاکی تایبەت.

٢-چەمکێکی ڕوتە بەو پێیەی لیهاتویی نابینرێت، بەڵام دەکرێت ئەو ئامرازانە ببینرێت کە بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکانی بەکارهێنراون.

٣-لێهاتویی بەدەستهاتو لە لای تاکەکان لە لەدایك بوونەوە نین, کە لێهاتو بن بۆ ئەنجامدانی چالاکییە تایبەتەکان، بەڵکو لە ڕێگەی ڕاهێنانەوە لێهاتویی بەدەست دەهێنن (الزهرة، ٢٠١٣: ٢٢).

### جۆرەکانی لێهاتوییەکان(Types of competencies) :

لێهاتویی زۆر جۆری هەیە بەپێی ڕێبازی و فەلسەفەی وانەوتنەوە و پێویستی کۆمەڵگاکان و بەپێی توێژ و ڕەوتەکانی و کەش و هەوای پەروەردەیی ئامانج لە پۆلێنکردنیان ئاسانکارییە بۆ بیرکردنەوە لە هەموو لایەنەکانی ئامادەکردنی مامۆستا و گەشەپێدانی ، پۆلێنیان کردووە بۆ چوار جۆر لێهاتویی:

١-لێهاتوییەکانی وانەوتنەوە: ئاماژەن بۆ ئەو لێهاتویی و زانیاری و ڕەفتارانەی کە مامۆستایەك بەدەستی دەهێنێت بۆ ئەوەی یارمەتی بدات بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی دیاریکراو. ئەم لێهاتوییانە بریتین لە شارەزایی لە بابەتی ئەکادیمی و بەکارهێنانی شێوازە مۆدێرنەکانی وانەوتنەوە.

٢-لێهاتویی مرۆیی: ئەمانە هەموو ئەو لێهاتویی و توانایانەن کە بە دروستکردنی کەشێکی دیموکراسی و بەکارهێنانی گفتوگۆ لەسەر بنەمای دیموکراسی و قبوڵکردنی بۆچوونەکانیان و مامەڵەکردن لەگەڵیان بە شێوەیەکی یەکسان و مرۆڤانە بۆ خوێندکار بەکاردەهێنرێن.

٣-لێهاتوییەکانی هەڵسەنگاندن: هەڵسەنگاندنی تا چەند ئامانجە پەروەردەییەکان لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی کاریگەرانەی خوێندکارەوە بەدەست دەهێنرێن، کە یەکێکە لە لێهاتوییە گرنگەکان.

٤-لێهاتوییە تەکنەلۆژییەکان: هەموو کارامەیی و زانیارییەک لە بواری بەکارهێنانی

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp242-255

کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و بەکارهێنانیان لە پرۆسەی خوێندندا دەگرێتەوە .( زهران ،٢٠٢١: ٣٨١).

**ڕەهەندەکانی لێهاتوویی پیشەیی ( Dimensions of Professional Competence):**

١ -لێهاتوویی زانەکی : (Cognitive Competencies )

ئاماژەیە بۆ ئەو زانیاری و لێهاتوییە دەرونییانەی کە پێویستن بۆ ئەدای تاک لە بوارە جیاوازەکانی کارەکەیدا (پەروەردەیی و فێربوون).

٢ - لێهاتوویی سۆزداری :(Affective Competencies)

ئاماژەن بۆ توانا و مەیلی و ڕەوت و بەها و بیروباوەڕی تاک و ئەم لێهاتوییانە چەندین لایەن دەگرێتەوە وەک: هەستیاری تاک، متمانە بەخۆبوون و هەڵوێستی تاک بەرامبەر بە پیشەکەی (پەروەردە). (عزوز ، ٢٠١٨ : ١٣).

٣ -لێهاتوییەکانی ئەدای کارکردن :(Performance Competencies)

ئاماژەیە بۆ ئەو لێهاتوییانەی کە تاک نیشانی دەدات و کارامەیی (دەرونی جوڵەیی) وەک بەکارهێنانی ئامرازی پەروەردەیی و تەکنەلۆژی و ئەنجامدانی پێشکەشکردنی پراکتیکی لەخۆدەگرێت ئەدای ئەم کارامەییانە بەندە بەو لێهاتوویە زانەکیانەی کە تاکەکەس پێشتر بەدەستی هێناوە. (مراد ، ٢٠١٩ : ٨٠)

٤ -لێهاتوویی دەرئەنجام یان بەرهەم (Consequence or Product Competencies):

ئاماژەیە بۆ کاریگەریی ئەدای تاکێک لە لێهاتوییەکانی پێشو لە بوارەکەیدا (پەروەردە)، و ڕادەی گونجانیان لە فێربوون لە داهاتو یان لە کارەکانیاندا کاریگەریی لێهاتوییە بەرهەمدارەکان لە ڕێگەی کارەکانیانەوە لە پۆلدا لەگەڵ خوێندکارەکان دەبینرێت. (قاسم,٢٠١٥ : ٦٩٣).

**٢. ٤ لەو تیۆرانەی کە چەمکی لێهاتوویی پیشەییان ڕونکردەوە:-**

**تیۆری ڕەفتاری:Behavioral theory**

ڕەفتارناسەکان لە لێکۆڵینەوەکانیان لە فێربووندا شێوازی تاقیکارییان بەکارهێنا، بەڵام هەرچەندە نکۆڵییان لە بوونی پرۆسەی دەرونی نەکرد کە بەشدارن لە فێربووندا ، تیۆرە ڕەفتاریەکان بەشێوەیەکی گشتی دابەش دەبن بەسەر دو پۆلی سەرەکیدا ، پۆلی یەکەم بریتییە لە تیۆرە هاوپەیوەندیەکان کە زاناکانی بریتین لە (بافلۆف و واتسۆن و گاثری) ، هەروەها پۆلی دووەم بریتییە لە تیۆرە کرداریەکان کە زاناکانی بریتین لە (باندۆرا و واتسۆن و سکینەر و کلارك هال) تیۆری ڕەفتاری سەرنج دەخاتە سەر لێکۆڵینەوە لە ڕەفتارە چاودێرکراوەکان و پێوانەکراوەکان، هەروەها فێربوون وەک پرۆسەی بەدەستهێنانی ڕەفتاری نوێ لە ڕێگەی کارلێککردن لەگەڵ ژینگەدا ڕون دەکاتەوە. سەبارەت بە لێهاتوویی پیشەیی، تیۆری ڕەفتار پێشنیازی ئەوە دەکات، کە دەتوانرێت کارامەیی و لێهاتوویی پیشەیی لە ڕێگەی پرۆسەکانی فێربوونی ڕەفتارەوە پەرەی پێ بدرێت و بەرز بکرێتەوە، وەك بەهێزکردن بە یەکێک لە ئامرازە سەرەتاییەکان دادەنرێت لە تیۆری ڕەفتاریدا بۆ بەرزکردنەوەی ڕەفتارە خوازراوەکان. لە چوارچێوەی لێهاتوویی پیشەیی، دەتوانرێت بەهێزکردنی ئەرێنی (وەک پاداشت یان ستایش) بەکاربهێنرێت بۆ بەهێزکردنی ئەدای باش، کە دەبێتە هۆی دوبارەبوونەوەی ڕەفتارە خوازراوەکان و زیادبوونی لێهاتوویی. هەروەها شێوەدانان بریتییە لە بەهێزکردن و نزیکبوونەوەی یەک لە دوای یەک لە هەڵسوکەوت و ئامانج لە شوێنی کاردا، دەتوانرێت ئەمە بە پێشکەشکردنی فیدباکێکی بەردەوام و زیادە لەکاتی فێربوونی لێهاتویی نوێدا وردە وردە یارمەتیان دەدات بۆ پەرەپێدانی لێهاتوییە پیشەییەکانیان.هەروەها ڕاهێنانی پراکتیکی بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی لێهاتوویی ، لە ڕێگەی دوبارەکردنەوەی ئەرکەکان و ڕاهێنانی پراکتیکی، تاکەکان دەتوانن لێهاتوویی پیشەیی خۆیان بەرز بکەنەوە و کاریگەریی خۆیان لە ئەنجامدانی ئەرکەکاندا زیاد بکەن ، جگە لەوەش، باندورا چەمکی (فێربوونی کۆمەڵایەتیی) ناساند، کە پێشنیازی ئەوە دەکات تاکەکان دەتوانن بە چاودێریکردن و لاسایکردنەوەی ئەوانی دیکە، بەبێ ئەوەی پێویستیان بە ئەزمونی ڕاستەوخۆ هەبێت، ڕەفتار و لێهاتوویی نوێ بەدەستبهێنن. ئەم قۆناغانە نیشاندەدەن کە چۆن تاکەکان دەتوانن لێهاتوویی پیشەیی بەدەست بهێنن بە چاودێریکردنی مۆدێلە سەرکەوتووەکان لە بوارەکانی خۆیان و جێبەجێکردنی ئەوەی لە ئەزمونی پراکتیکیدا فێری بوون. (بوحفص ،٢٠١٠: ٧٨) .

سەبارەت بەم تیۆرە دەتوانین بڵێین، مامۆستایان دەتوانن سود لەم تیۆرە وەربگرن بۆئەوەی لەڕێگەی جێ بەجێکردنی پیشەکەیان و کارلێککردن لەگەڵ دەوروبەردا فێری ڕەفتاری نوێ ببن ، کە ئەمەش کاریگەریی لەسەر توانا پیشەیەکانیان دادەنێت ، دواتر مامۆستایان لە ئەنجامی کارلێککردنیان لەگەڵ خوێندکاراندا وە بەکارهێنانی هاندان و پاداشت دەتوانن بگەنە ئامانجی پەروەردەیی و فێرکاریەکان لە ئەنجامدا خوێندکاران دەگەن بەسەرکەوتن لەبوارەکەی خۆیاندا.

**٢. ٥ توێژینەوەکانی پێشو :**

توێژینەوەی (الشمري ،٢٠١٦،٣٣٧) ، بەناونیشانی پێوانەکردنی پاڵنەرە زانەکییەکان لە لای سەرپەرشتانی پەروەردەیی ، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پێوانەکردنی پاڵنەرە زانەکییەکانی سەرپەرشتانی پەروەردەییە لە قوتابخانەکان ، زانینی گرنگی جیاوازییە ئامارییەکان لە پاڵنەرە زانەکیەکاندا بەپێی گۆڕاوە دیموگرافیەکانی (ڕەگەز،پسپۆڕی،ساڵانی خزمەت)، توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی وەصفی پەیوەندی بەستووە ، توێژەر پشتی بەستووە بە ئامادەکردنی پێوانەیەك بۆ پاڵنەری زانەکی ، نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (١٢٠) سەرپەرشتی پەروەردەیی ، توێژەر بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی پشتی بە پڕۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەستووە ، لەکۆتایدا گەیشت بەو ئەنجامەی کە سەرپەرشتانی پەروەردەیی پاڵنەری زانەکییان هەیە . (الشمري ،٢٠١٦،٣٣٧)

توێژینەوەی (سالم و ئەوانی تر ، ٢٠١٢،٢٨٥) ، بەناونیشانی لێهاتوویی پیشەیی هەندێک لە مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لە ژێر ڕۆشنایی ستانداردە گشتگیرەکانی کوالیتی.ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پێناسەکردنی ڕۆڵی مامۆستای پەروەردەی تایبەت ، دیاریکردنی ستانداردی کوالیتی بۆ ئەدای مامۆستای پەروەردەی تایبەت و ڕۆڵی لە پەروەردەی تایبەتدا ، دیاریکردنی گرنگترین لێهاتوییەکانی مامۆستانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ڕوانگەی مامۆستایان و خوێندکاران ، دیاریکردنی ڕادەی جیاوازی بۆچوونەکان سەبارەت بە گرنگی لێهاتوییەکان لەلای مامۆستایان بەپێی ڕەگەز و پسپۆڕی و خزمەت ، دیاریکردنی توانا (زانەکی،ڕەفتاری،سۆزداری) مامۆستایان ،بەپێی ڕەگەز و پسپۆڕی و ساڵانی خزمەت. توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی وەصفی پەیوەندی بەستووە ، توێژەر پشتی بەستووە بە دروستکردنی پرسیارنامەیەک بۆ لێهاتوییە پیشەییەکانی مامۆستای پەروەردەی تایبەت. نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە

(١١٠) مامۆستای پەروەردەی تایبەت.توێژەر بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی پشتی بە پرۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماریی بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەستووە ، لە کۆتایدا گەیشت بەو ئەنجامەی کە ئاستی لێهاتویی پیشەیی زانەکی و رەفتاریی لە نێوان مامۆستایاندا مام ناوەندە، ئاستی لێهاتویی سۆزداری لە نێوان مامۆستایانداگرنگییەکی بەرزی هەیە ، جیاوازییەکی بەرچاو لە تواناکانی زانەکی، سۆزداری، و رەفتاریدا نییە بەپێی (رەگەز،پسپۆری ، ساڵانی خزمەت) ، جیاوازییەکی بەرچاو لە لێهاتوییەکانی (ئەنجامدان و پیشەییەکان)دا هەیە بەگشتی بەپێی ناوچەی کارکردن .. (سالم ، عیسی ، عثمان ، ٤٨٥،٢٠١٢).

## ٣ :ڕێککارییەکانی توێژینەوەکە:

### ٣. ١ ڕێبازی توێژینەوەکە :Research Method

لەپێناو جێبەجێکردنی ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەر ڕێبازی توێژینەوەی وەصفی پەیوەندی بەکارهێناوە ، بەهۆی ئەوەی لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکەیدا گونجاوە .

### ٣. ٢ کۆمەڵگای توێژینەوەکە: Research Population

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە سەرجەم مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی لە خوێندنگاکانی حکومی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) لە قەزای پشدەر کە بریتی بوون لە (٦٦٠) مامۆستا لە هەردو ڕەگەزی نێر و مێ ، لە پسپۆڕیەکانی (زمان ، زانستەکان ، زانستە کۆمەڵایەتیەکان) ، مامۆستایان دابەشبوون بەسەر (٢٨) خوێندنگادا .

### ٣. ٣ نمونەی توێژینەوەکە: Sample of the Research

توێژەر نمونەی بنەڕەتی توێژینەوەکەی بەشێوازی هەڕەمەکی چینی گونجاو(عینة عشوائية طبقية متناسبة) دیاریکرد ، کە ژمارەیان (٤٢٠) مامۆستا بوو ، بەشێوەیەك (٢٧٠) مامۆستایان لە ڕەگەزی نێر بوو ، (١٥٠) مامۆستایان ڕەگەزی مێ بوو.

### ٣. ٤ پێوانەی پاڵنەری زانەکیMeasurement Cognitive motivation

توێژەر ڕاپرسیەکی کراوەی ئەنجامدا بۆ (٥٠) مامۆستای ئامادەیی لە کۆرسی یەکەمدا کە لە دەرەوەی نمونەی سەرەکی بوون ، دوای کۆکردنەوەی ڕاپرسیەکە توێژەر توانی (١٥) برگە ئامادە بکات ، بە گەڕانەوە بۆ چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکانی پێشو ، توێژەر سودی لە (٣) سێ پێوانەی توێژینەوەکانی تر وەرگرت کە بریتی بوون لە : توێژینەوەی (بلقاسم , ٢٠١١ : ٣٢١) توانی (٥) برگەی لێوەربگرێت ، توێژینەوەی (محمود , ٢٠٠٤ : ١١٧) توانی (١٣) برگەی لێ وەربگرێت ، توێژینەوەی(الشمري , ٢٠١٦ : ٣٥٨) توانی (١٢) برگەی لێ وەربگرێت.

**دیاریکردنی ڕاستگۆیی : (Validity)**

ڕاستگۆیی : ڕادەی ڕۆڵ بینینی خاڵەکانی پێوانەکە لەگەڵ ناوەڕۆکی سیفەت و دانانی پێوانەکە لە لایەن کۆمەڵێك لە شارەزایان و پسپۆڕان لە بواری تایبەت بڕیاری لەسەر دەدرێت .(مراد و سلیمان ، ٢٠٠٥ : ٣٥٠ ).

**دیاریکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەر( Face validity ) :**

بۆ دیاریکردنی ڕاستیەتی ڕواڵەتی توێژینەوە توێژەر پەنای بردە بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان بۆ ئەم مەبەستە پێوانەکە خرایە بەر دەستی (١٧) شارەزا لە بواری پەروەردە و دەرونزانی ، داوایان لێکرا کە ڕاوبۆچوونی خۆیان لەسەر گونجاوی و نەگونجاوی برگەکان و بژاردەکان ، هەروەها خستنەڕوی هەر گۆڕانکاریەك پێیان باشە و پێشنیازی بکەن . دوای کۆکردنەوەی فۆڕمەکان بە پشت بەستن بە تێبینی و بیروڕای شارەزایان تەنها ئەم برگانە مانەوە کە ڕێژەی ڕێککەوتن لەسەر مانەوەی (٩٠٪) بوو ، بەمشێوەیە لەکۆی (٤٥) برگە ، (١٧) برگە لابران ، هەروەها بەپێی پێشنیازەکانی پسپۆڕان گۆڕانکاری لە (١١) برگە کرا ، بەمجۆرەش ژمارەی برگەکان بوون بە (٢٨) برگە.

**ڕاستگۆیی بونیادنان : (Construct Validity)**

ئەم شێوازە پشتی پێ دەبەسترێت، بۆ دیاریکردنی گونجاوی برگەی پێوانە لەگەڵ هەموو پێوانەکە کەواتە ڕاستیەتی بونیادنان واتە پەیوەندی نمرەکانی پێوانەکە بە نمرەی گشتی پێوانەکە کە ئەمەش بە پشت بەستن بە هەگبەی ئاماریی بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان (SPSS)و هاوکۆلکەی پەیوەندی (Person) ، بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستگۆیی بونیادنان، پەیوەستی هەر برگەیەکیان لەگەڵ کۆی پێوانەکە دەرهێنا، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر نمونەیەکی سەرەتایی وەرگرت کە پێکهاتبوون لە (٦٠) مامۆستا لە هەردو ڕەگەزی نێر و مێ ، جیا لە برگەکانی (٥ ، ٦ ، ٩ ، ١٧ ) برگەکانی دیکە پەیوەستێکی بەڵگەداری ئامارییان لەگەڵ کۆی پێوانەکە هەیە لە ئاستی بەڵگەداری کەمتر لە (٠,٠٥). بەمپێیە برگەکانی (٥ ، ٦ ، ٩ ، ١٧ )لە پێوانەکە دەسڕێنەوەو بەمشێوەیە پێوانەکەمان دەبێتە خاوەنی ڕاستیەتی بونیادی .

**دیاریکردنی جێگیری: ( Reliability)**

جێگیری : Reliability یەکێکە لە مەرجەکانی هەر ئامرازێکی زانستی ، مەبەست لە جێگیری بوونی هاوشێوە لە وەڵامەکاندا ، کاتێك دوبارە ئامرازەکە بە نزیکەی بەسەر هەمان کەس و لە هەمان بارودۆخدا جێبەجێ دەکرێتەوە .( خالیدی ، ٢٠٢١ : ٤٨)

**ڕێگای هەماهەنگی ناوەکی (ئەلفا کرونباخ Cronbach's Alpha )**

بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیری بە ڕێگای هەماهەنگی ناوەکی ، چونکە ئەم ڕێگایە ئاستی گونجاوی برگەکان لەگەڵ یەکتری دەردەخات ، بۆ ئەو مەبەستەش دوای جێبەجێکردنی پێوانەکە بەسەر (نمونەی سەرەتایی) کە پێکهاتبوون لە (٦٠) مامۆستا ، سودمان لە هاوکۆلکەی ئەڵفای کرۆنباخ (Cronbach's Alpha) وەرگرت ، پاش سڕینەوەی برگەی (١٥)، بەهای ئەڵفای کرۆنباخی پێوانەی پاڵنەری زانەکی گەیشتە (٠,٨٧)کە بە ئاستێکی بەرزی جێگیری بە ڕێگای هەماهەنگی ناوەکی ئەژمار دەکرێت.

**ڕێگای کەرتکردنی نیوەیی :(Split – Half Method)**

بە مەبەستی دڵنیایی زیاتر لە جێگیری پێوانەکە، جێگیری بە ڕێگای کەرتکردنی نیوەیی - ڕێگای برگەی تاك و جوت بەکارهات ، بۆ ئەو مەبەستەش دوای جێبەجێکردنی پێوانەکە بەسەر (نمونەی سەرەتایی) کەپێکهاتبوون لە (٦٠) مامۆستا ، لە ڕێگای بەکارهێنانی هەگبەی ئاماریی بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS) و بەکارهێنانی هاوکێشەی(Spearman-Brown) ، دەرکەوت کە بەهای سپێرمان براون (Spearman-Brown)بۆ پێوانەی پاڵنەری زانەکی بریتییە لە (٠,٨٥٢) کە بە ئاستێکی بەرز لە جێگیری بە ڕێگای دوکەرتکردن ئەژمار دەکرێت.

 *دوای دۆزینەوەی ڕاستگۆیی و جێگیریی بۆ پێوانەی (پاڵنەری زانەکی) پێوەرەکە بەشێوەی کۆتایی پێکهاتووە لە (٢٣) برگە ، هەروەها بژاردەکانی وەڵامدانەوە لە ناوەرۆکی برگەکان بەجۆری (٥) بژاردە داڕێژراوە ، واتە (٥) بژاردە لە بەرامبەر برگەکان

هەیە ، کە بریتین لە (هەموو کات ، زۆربەی کات ، هەندێ کات ، بەدەگمەن ، هیچ کات ) و بەهای بژاردەکان بریتین لە (٥ ، ٤ ، ٣ ، ٢ ، ١) بە هەمان ڕیزبەندی ، وەکو لە پاشکۆی ژمارە (١)دا ڕونکراوەتەوە . .

### ٣. ٥ پێوانەی لێهاتوی پیشەیی :

تویژەر ڕاپرسیەکی کراوەیی ئەنجامدا بۆ (٥٠) مامۆستای ئامادەیی کە لە دەرەوەی نمونەی سەرەکی بوون ، دوای کۆکردنەوەی ڕاپرسیەکە توێژەر توانی (١٥) برگە ئامادە بکات . هەروەها دوای گەڕانەوە بۆ چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکانی پێشو توێژەر سودی لە (٣) پێوانەی توێژینەوەکانی تر وەرگرت کە بریتی بوون لە : (مغربي , ٢٠٠٧ـ : ١٢٧) توانی (٧) برگەی لێ وەربگرێت . توێژینەوەی (فتحي , ٢٠١٥ : ٧٠٨) توانی (١٢) برگەی لێ وەربگرێت . توێژینەوەی (مراد , ٢٠١٩ : ٢٢٠) توانی (٨) برگەی لێ وەربگرێت .

**دیاریکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوانە ( Face validity ) :**

ڕاستگۆی ڕواڵەت : ( Face validity ) ئەمەش جێبەجێ دەبێت ئەگەر ناونیشانی پێوانەکە و ڕواڵەتەکەی ئاماژە بدەن بۆ پێوانەکردنی ئەو ناوەرۆکەی کە لە پێناویدا دانراوە ، واتە ئەگەر برگەکانی پێوانەکە ئەو ناوەرۆکە فێرکاریەی لەخۆگرتبێت ، کە مەبەستە پێوانە بکرێت . (زيتون ، ٢٠٠١: ٦٢٧)

تویژەر بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوانەکەی دابەشکرد بەسەر کۆمەڵێك شارەزا ، کە بریتی بوون لە (١٦) شارەزا لە بواری (پەروەردە و دەرونزانیدا) بە مەبەستی بڕیاردان لەسەر گونجاوی و نەگونجاوی برگەکان و بژاردەکان ، هەروەها خستنەڕوی هەر گۆڕانکاریەك پێیان باشە پێشنیازی بکەن. دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان بە پشت بەستن بە تێبینی و بیروڕای شارەزایان تەنها ئەم برگانە مانەوە کە ڕێژەی ڕێککەوتن لەسەر مانەوەی (٩٠٪) بوو ، بەمشێوەیە لەکۆی (٤٢) برگە ، (١٧) برگە لابران ،هەروەها بەپێی پێشنیازەکانی پسپۆڕان گۆڕانکاری لە (٦) برگە کرا ، هەروەها (١٩) برگە وەك خۆیان مانەوە ، بەمجۆرەش ژمارەی برگەکان بوون بە (٢٥) برگە .

**ڕاستگۆیی بونیادنان: (Construct Validity)**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستگۆیی بونیادنانی پێوانەکە لە ڕێگای هەگبەی ئاماریی بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS) و هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسۆن(Person) ، پەیوەستێی هەر برگەیەکیان لەگەڵ کۆی تەوەرەکەی بەدەستهێنا ، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر نمونەیەکی سەرەتایی وەرگرت کە پێکهاتبوون لە (٥٠) مامۆستا ، وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت:

١- ڕەهەندی زانەکی: هەموو برگەکان لە نێوان (٠,٦٣٨ بۆ ٠,٦٧٠) پەیوەستیان لەگەڵ ڕەهەندەکەیان هەیە، ئەم بەهایەش بەلگەدارە بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ئاستی بەلگەداریی بچوکترە لە .(0.05)

٢-ڕەهەندی ڕەفتاری: ئەم ڕەهەندە لە (١٣) برگە پێکدەهات جیا لە برگەکانی (١١ ، ١٣)کە پەیوەستێکی بەلگەداریی ئامارییان لەگەڵ ڕەهەندەکەیان نەبوو، برگەکانی دیکە پەیوەستێکی بەلگەداریی ئامارییان لە نێوان ( ٠,٣٣٨ بۆ ٠,٦٥٤) هەبوو. کەواتە برگەکانی (١١ ، ١٣)لە ڕەهەندەکە لادەدرێن و بەم شێوەیە (١١) برگە دەمێنێتەوە.

٣-ڕەهەندی سۆزداری: لەم ڕەهەندەدا هەموو برگەکان لە نێوان (٠,٣٢٨ بۆ ٠,٧٦١) پەیوەستیان لەگەڵ ڕەهەندەکەیان هەیە، ئەمەش بەلگەدارە بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ئاستی بەلگەداریی بچوکترە لە .(0.05)

**دیاریکردنی جێگیری : ( Reliability)**

٣-٥-٣-١ : ڕێگای هەماهەنگی ناوەکی) ئەلفا کرۆنباخ: (Cronbach's Alpha

بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیری بە ڕێگای هەماهەنگی ناوەکی، چونکە ئەم ڕێگەیە ئاستی گونجاوی برگەکان لەگەڵ یەکتری دەردەخات ، دوای جێبەجێکردنی پێوانەکە بەسەر (نمونەی سەرەتایی) کە پێکهاتبوون لە (٥٠) مامۆستا ، سودمان لە هەگبەی ئاماریی بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان (SPSS) ، هاوکۆلکەی ئەلفای کرۆنباخ ) (Cronbach's Alphaوەرگرت ، پاش سڕینەوەی ئەو برگانەی کە گونجانیان لەگەڵ برگەکانی دیکە نەبوو، کە بریتی بوون لە برگەکانی (٤ و ٥) لە ڕەهەندی ڕەفتاری و برگەی (٥) لە ڕەهەندی سۆزداری، بەهای جێگیری بە ڕێگای هەماهەنگی ناوەکی بۆ ڕەهەندی زانەکی بریتی بوو لە (٠,٧٧٠)، ڕەهەندی ڕەفتاری (٠,٧٢٥) و ڕەهەندی سۆزداری (٠,٧١٦) کە بە ئاستێکی بەرزی جێگیری بە ڕێگای جێگیری ناوەکی ئەژمار دەکرێن.

**ڕێگای کەرتکردنی نیوەیی: (Split – Half Method)**

بە مەبەستی دڵنیایی زیاتر لە جێگیریی پێوانەکە، ڕێگای جێگیری بە ڕێگای کەرتکردنی نیوەیی بەکارهات ، بۆ ئەم مەبەستەش دوای جێبەجێکردنی پێوانەکە بەسەر (نمونەی سەرەتایی)دا ، کە پێکهاتبوون لە (٥٠) مامۆستا لە ڕێگای بەکارهێنانی هەگبەی ئاماریی بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان (SPSS) ، هاوکۆلکەی سپێرمەن براون (Spearman-Brown)دەرکەوت کە بەهای سپێرمەن براون-Spearman) (Brownی ڕەهەندی زانەکی بریتییە لە (٠,٧٦٣)، ڕەهەندی ڕەفتاری (٠,٧٧٢) و ڕەهەندی سۆزداری (٠,٧٢٩) کە بە ئاستێکی باش لە جێگیری بە ڕێگای دوکەرتکردن ئەژمار دەکرێت.

*دوای دۆزینەوەی ڕاستگۆیی و جێگیری بۆ پێوانەی (لێهاتویی پیشەیی) پێوەرەکە بەشێوەی کۆتایی پێکهاتووە لە (٢٠) برگە ، هەروەها بژاردەکانی وەڵامدانەوە لە ناوەرۆکی برگەکان بەجۆری (٥) بژاردە دارێژراوە ، واتە (٥) بژاردە لە بەرامبەر برگەکان هەیە ، کە بریتین لە (هەمیشە ، زۆربەی کات ، هەندێ کات ، بەدەگمەن ، هەرگیز) و بەهای بژاردەکان بریتین لە (٥ ، ٤ ، ٣ ، ٢ ، ١) بە هەمان ڕیزبەندی ، وەکو لە پاشکۆی ژمارە (٢)دا ڕونکراوەتەوە .

### ٣. ٦ ئەنجامدانی توێژینەوەکە بەشێوەی کۆتایی:

توێژەر لە ڕێککەوتی (٢٠٢٥/١/١١) دەستیکرد بە جێ بەجێکردنی پێوانەکانی توێژینەوەکەی بەسەر نمونەی توێژینەوەکەیدا ، کە پێکهاتبوون لە مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی لە سنوری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەیی پشدەر لە قەزای پشدەر و ژمارەیان (٤٢٠) مامۆستا بوو ، لە هەردو ڕەگەزی نێر و مێ و پسپۆڕیەکانی (زمان ، زانستەکان ، زانستە کۆمەڵایەتیەکان) پێکهاتبوون ، ئەنجامدانەکە لە ڕێککەوتی (٢٠٢٥ /١/٣١)کۆتایی هات.

٣-٧ :ئامرازە ئاماریەکان.

سود لە پرۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماریی بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان ڤێرژنی (٢٧) وەرگیرا بۆ بەکارهێنانی ئەم ئامرازە ئاماریانەی خوارەوە:

١-هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن. Person Correlation

٢-هاوکێشەی(ONE WAY ANOVA) و (Cronbach's Alpha) و

سپێرمەن براون (Spearman –Brown) و هاوکێشەی جێتمان. (Guttmann)
٣-ئەزمونی (T) تائی بۆ دو نمونەی سەربەست-Independent Sample T) (Test، ئەزمونی (T) تائی بۆ یەك نمونەی سەربەست.(One Sample T-Test)

## ٤. خستنەڕوی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

لەم بەشەدا توێژەر ئەنجامەکان بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە دەخاتەڕو هەروەك لە خوارەوە هاتووە -:

### ٤. ١ ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی پاڵنەری زانەکی و لێهاتویی پیشەیی لای مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی بە گشتی.

یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە پێوانەکردنی هەر یەك لە گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە کە بریتی بوون لە پاڵنەری زانەکی و لێهاتویی پیشەیی . بۆ ئەم مەبەستە توێژەر سودی لە تاقیکردنەوە(t) ی یەك نمونەی (One Sample t-test) وەرگرت کە ئەنجامەکانیان بەمشێوەیەی خوارەوە بوو:

**پێوەری پاڵنەری زانەکی:**

پاڵنەری زانەکی یەکێك لەو گۆڕاوانە بوو کە توێژەر ویستی پێوانەی ئاستەکەی لەلای نمونەی توێژینەوەکە بکات ، وەکو لە خشتەی (١٧) دەردەکەوێت؛ ناوەندی ژمێرەیی پاڵنەری زانەکی بریتییە لە (٩٤,١٣) کە بە شێوەیەکی بەڵگەدار گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی (٦٩)، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value<0.001) و هەروەها بەها (t) دەرهێنراو (٥٦,٩٤٤) کە گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی. بەچەشنێك کە ناوەندی پێوەرەکە بریتییە لە (٤,٠٩) بە ئاستێکی بەرز ئەژمار دەکرێت، کە نزیکە لە بژاردەی زۆربەی کات. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەکەی (الشمری ، ٢٠١٦).

**پێوەری لێهاتویی پیشەیی:**

١ -ڕەهەندی زانەکی لە پێوەری لێهاتویی پیشەیی: وەکو لە خشتەی ژمارە (١٧) ڕونکراوەوتەوە ناوەندی ژمێرەیی (٢٦,٥٤) بە شێوەیەکی بەڵگەدار گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی (١٨)، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value<0.001) و هەروەها بەها (t) دەرهێنراو (٦٥,٣٢٤) کە گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی. بەچەشنێك کە ناوەندی پێوەرەکە بریتییە لە (٤,٤٢) کە بە ئاستێکی بەرز ئەژمار دەکرێت دەکەوێتە نێوان بژاردەکانی زۆربەی کات و هەموو کات .

٢ -ڕەهەندی ڕەفتاری لە پێوەری لێهاتویی پیشەیی: وەکو لە خشتەی ژمارە (١٧) ڕونکراوەوتەوە ناوەندی ژمێرەیی (٣٨,٧٨) بە شێوەیەکی بەڵگەدار گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی (٢٧)، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value<0.001) و هەروەها بەهای (t) دەرهێنراو (٧١,١٦٨) کە گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی. بەچەشنێك کە ناوەندی پێوەرەکە بریتییە لە (٤,٣١) کە بە ئاستێکی بەرز ئەژمار دەکرێت و بەرزترە لە بژاردەی زۆربەی کات.

**ڕەهەندی سۆزداریی لە پێوەری لێهاتویی پیشەیی:** وەکو لە خشتەی ژمارە (١٧) ڕونکراوەوتەوە ناوەندی ژمێرەیی (٢٠,٧٣) بە شێوەیەکی بەڵگەدار گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی (١٥)، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value<0.001) و هەروەها بەها (t) دەرهێنراو (٤٩,٤٣٦) کە گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی. بەچەشنێك کە ناوەندی پێوەرەکە بریتییە لە (٤,١٥) کە بە ئاستێکی بەرز ئەژمار دەکرێت و بەرزترە لە بژاردەی زۆربەی کات.

خشتەی (١)

ئاستی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە نیشاندەدات

| | گۆڕاو | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | جیاوازیی ناوەندەکان | لادانی پێوەری | tبەهای | P-Value |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پێوەری پاڵنەری زانەکی | 94.13 | 69 | 25.13 | 9.044 | 56.944 | <0.001 |
| پێوەری لێهاتویی پیشەیی | ڕەهەندی زانەکی | 26.54 | 18 | 8.54 | 2.679 | 65.324 | <0.001 |
| | ڕەهەندی ڕەفتار | 38.78 | 27 | 11.78 | 3.392 | 71.168 | <0.001 |
| | ڕەهەندی سۆزداری | 20.73 | 15 | 5.73 | 2.375 | 49.436 | <0.001 |

N=420 df= 419

توێژەر پێیوایە یەو ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی بەوپێیەی سەرجەمیان دەرچوی زانکۆکانن و بڕوانامەکانیان بریتییە لە بکالریۆس و ماستەر و دکتۆرا لە پسپۆڕییە جیاوازەکان زیاتر پسپۆڕییان وەرگرتووە ، هەروەها ئەو قۆناغەی مامۆستایان وانەی تێدا دەڵێنەوە وا پێویست دەکات خوێندکاران ئامادە بکەن بۆ خوێندنی زانکۆیی ، بۆیە پێویست دەکات مامۆستایان ئاستێکی بەرزی پاڵنەری زانەکی و لێهاتویی هەبێت .

### ٤. ٢ ئامانجی دووەم:

زانینی ئاستی پاڵنەری زانەکی لای مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی بەگوێرەی گۆڕاوە دیموگرافییەکانی (ڕەگەز، ساڵانی خزمەت، پسپۆری):

یەکێك لە ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتی بوو لە زانینی ئاستی پاڵنەری زانەکی لای مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی بەگوێرەی گۆڕاوە دیموگرافییەکانی (ڕەگەز، ساڵانی خزمەت، پسپۆری)، بۆ ئەم مەبەستە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێ کران:

**ئاستی پاڵنەری زانەکی بەگوێرەی ڕەگەز .**

بە مەبەستی تێگەیشتن لە ئاستی پاڵنەری زانەکی بەگوێرەی گۆڕاوی دیموگرافی ڕەگەز، سودمان لە تاقیکردنەوە (t) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test) وەرگرت. هەروەکو لە خشتەی (١٨) دەردەکەوێت؛ جیاوازییەکی بەڵگەداریی ئاماریی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا نییە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو (1.220) بچوکترە لە بەهای (t) خشتەی (1.966) و هەروەها (P-Value=0.223>0.05).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp242-255

خشتەی (٢)

ئاستی پاڵنەری زانەکی بەگوێرەی گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕەگەز نیشاندەدات .

| گۆڕاوی دیمۆگرافی | | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پیوەریی | p- value | بەهای (ت) | | بەڵگەدارە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ڕەگەز | نێر | 270 | 94.53 | 1.12 | 8.820 | 0.223 | 1.220 | 1.966 | بەڵگەدار نیە |
| | مێ | 150 | 93.41 | | 9.420 | | | | |

df= 418 n= 420

توێژەر پێیوایە نەبوونی جیاوازیی ئاستی پاڵنەری زانەکی لای مامۆستایان لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێدا دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە پاڵنەری زانەکی سەرنجی هەموو مامۆستایانی لە قۆناغی ئامادەییدا بۆخۆی ڕاکێشاوە کە هەردو ڕەگەز بەیەك شێوە دەروانە گرنگی قۆناغی ئامادەیی و خوێندکارانی ئامادەیی ، هەروەها مامۆستایان لەم قۆناغەدا ئاستی زانستی و بڕوانامەی ئەکادیمیان لە یەکەوە نزیکە .

**ئاستی پاڵنەری زانەکی بەگوێرەی ساڵانی خزمەت .**

بە مەبەستی دەرهێنانی ئاستی پاڵنەری زانەکی بە گوێرەی ساڵانی خزمەت، تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا (ONE WAY ANOVA) بەکارهات وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت: جیاوازییەکی بەڵگەداریی ئاماریی لە نێوان ئاستە جیاوازەکانی ساڵانی خزمەتدا بەدی ناکرێت، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value=0.128>0.05).

خشتەی (٣)

داتای وەصفی ساڵانی خزمەت نیشاندەدات.

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازیی | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پیوەری |
|---|---|---|---|---|
| پاڵنەری زانەکی | ١-٥ ساڵ | 55 | 93.58 | 7.578 |
| | ٦-١٠ ساڵ | 133 | 93.95 | 9.164 |
| | ١١-١٥ ساڵ | 147 | 93.32 | 9.410 |
| | ١٦ ساڵ و زیاتر | 85 | 96.15 | 8.924 |
| | کۆی گشتی | 420 | 94.13 | 9.044 |

خشتەی (4)

تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا بۆ ئاستی پاڵنەری زانەکی بەگوێرەی ساڵانی خزمەت نیشاندەدات.

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازیی | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی ژمێرەیی دوجاکان | بەهای (ف) F-test | ئاستی بەڵگەداریی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پاڵنەری زانەکی | لە نێوان گروپەکان | 464.96 | 3 | 154.99 | 1.907 | 0.128 بەڵگەدار نیە |
| | لەنێوخۆی گروپەکان | 33804.10 | 416 | 81.26 | | |
| | کۆی گشتی | 34269.0 | 419 | | | |

توێژەر پێیوایە نەبوونی جیاوازی لە ئاستی پاڵنەری زانەکی لای مامۆستایان لەنێوان ئاستە جیاوازەکانی تەمەن دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە وەزارەتی پەروەردە لەم چەند ساڵانەی ڕابردودا مامۆستایانی پشت گوێ خستووە لەڕوی نایەکسانی لە ماف و ئەرکدا ، پێدەچێت مامۆستایان وەکویەك بڕوانە گرنگیدان بە ئاستی زانەکی و زانین و بەدواداچوونی زیاتر لەڕوی زانستیەوە.

**ئاستی پاڵنەری زانەکی بەگوێرەی پسپۆڕیی.**

بە مەبەستی دەرهێنانی ئاستی پاڵنەری زانەکی بە گوێرەی پسپۆڕیی، تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا (ONE WAY ANOVA) بەکارهات وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت: جیاوازییەکی بەڵگەداریی ئاماریی لە نێوان پسپۆڕییە جیاوازەکاندا نیيە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە.(P-Value=0.628>0.05)

خشتەی (٢١)

داتای وەصفی بواری پسپۆڕی نیشاندەدات.

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازیی | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پیوەریی |
|---|---|---|---|---|
| پاڵنەری زانەکی | زمان | 152 | 94.68 | 10.255 |
| | زانستەکان | 158 | 93.90 | 8.473 |
| | زانستە کۆمەڵایەتییەکان | 110 | 93.69 | 8.036 |
| | کۆی گشتی | 420 | 94.13 | 9.044 |

خشتەی (٢٢)

تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا بۆ ئاستی پاڵنەری زانەکی بەگوێرەی پسپۆڕیی نیشاندەدات.

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازیی | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی ژمێرەیی دوجاکان | بەها (ف) -F | ئاستی بەڵگەداریی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پاڵنەری زانەکی | لە نێوان گروپەکان | 76.344 | 2 | 38.17 | | 0.628 بەڵگەدار نیە |
| | لەنێوخۆی گروپەکان | 34192.71 | 417 | 82.00 | 0.466 | |
| | کۆی گشتی | 34269.06 | 419 | | | |

توێژەر پێیوایە نەبوونی جیاوازیی لە ئاستی پاڵنەری زانەکی لای مامۆستایان لەنێوان پسپۆڕیە جیاوازەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە سەرجەم پسپۆڕیەکان پێویستن بۆ خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی و مامۆستایانیش لە سەرجەم پسپۆڕیەکان هەوڵەکانیان بەردەوامە بۆ ئەوەی زیاتر پەرە بەلایەنی زانەکی خۆیان بدەن ، هەروەها نەمانی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp242-255

سەرپەرشتی پسپۆڕیی لە ناوەندەکانی خوێندندا لەم چەند ساڵانەی دوایدا بەهۆی سیستەمی تازەی سەرپەرشتیکردنی مامۆستایان لە ناوەندەکانی خوێندن وایکردووە کە مامۆستایان وەکو یەك زیاتر پشت بەخۆیان ببەستن .

٣-٤: ئامانجی سێیەم: زانینی ئاستی لێهاتویی پیشەیی لای مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی بەگوێرەی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی (ڕەگەز ، ساڵانی خزمەت ، پسپۆڕیی):

٤-٣-١ : ئاستی لێهاتویی پیشەیی بە گوێرەی ڕەگەز.

بۆ دەرهێنانی ئاستی ڕەهەندەکانی لێهاتووی پیشەیی بەگوێرەی ڕەگەز، تاقیکردنەوەی (t) بۆ دوو نموونەیی (Independent Samples t-test) بەکارهات. هەروەکو لە خشتەی (٢٣) دەردەکەوێت؛ لە هیچ یەك لە ڕەهەندەکانی لێهاتووی پیشەییدا (زانەکی، ڕەفتاری، سۆزداری) جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا نیە ، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو بچوکترە لە بەهای (t) خشتەی و هەروەها (P-Value>0.05).

خشتەی (٢٣)

ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی لێهاتویی پیشەیی بە گوێرەی ڕەگەز نیشاندەدات.

| گۆڕاوی دیمۆگرافی | | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەریی | p- value | بەهای (ت) دەرهێنراو | بەهای (ت) خشتەیی | بەڵگەدارە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەهەندی زانەکی | نێر | 270 | 26.37 | 0.46 | 2.350 | 0.122 | 1.552 | 1.966 | بەڵگەدار نییە |
| | مێ | 150 | 26.83 | | 3.174 | | | | |
| ڕەهەندی ڕەفتاریی | نێر | 270 | 38.64 | 0.39 | 3.405 | 0.263 | 1.121 | 1.966 | بەڵگەدار نییە |
| | مێ | 150 | 39.03 | | 3.366 | | | | |
| ڕەهەندی سۆزداری | نێر | 270 | 20.64 | 0.24 | 2.403 | 0.326 | 0.984 | 1.966 | بەڵگەدار نیە |
| | مێ | 150 | 20.88 | | 2.323 | | | | |

n= 420 df= 418

توێژەر پێیوایە نەبوونی جیاوازیی لە ئاستی لێهاتویی پیشەیی لای مامۆستایان لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێدا دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە لێهاتویی پیشەیی سەرنجی هەموو مامۆستایانی لە قۆناغی ئامادەییدا بۆخۆی ڕاکێشاوە کە هەردو ڕەگەز بەیەك شێوە دەروانننە گرنگی قۆناغی ئامادەیی و خوێندکارانی ئامادەیی هەوڵەکانیان لە یەکەوە نزیکە بۆ ئەوەی خوێندکاران ئامادە بکەن بۆ خوێندنی پیشەیی یان زانکۆیی. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەکەی (سالم و ئەوانی تر ، ٢٠٢٣).

٤-٣-٢ : ئاستی لێهاتویی پیشەیی بە گوێرەی ساڵانی خزمەت.

بە مەبەستی دەرهێنانی ئاستی لێهاتویی پیشەیی بەگوێرەی ساڵانی خزمەت، سودمان لە تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا (One way ANOVA) وەرگرت هەروەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت: لە هیچ یەك لە ڕەهەندەکانی لێهاتویی پیشەییدا (زانەکی، ڕەفتاریی و سۆزداریی) جیاوازییەکی بەڵگەداریی ئاماریی لە نێوان ساڵانی خزمەتدا بەدی ناکرێت، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە لە هەموو ڕەهەندەکاندا (P-Value>0.05).

خشتەی (٢٤)

داتای وەصفی ساڵانی خزمەت نیشاندەدات.

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازیی | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەهەندی زانەکی | ١-٥ ساڵ | 55 | 26.58 | 4.606 |
| | ٦-١٠ ساڵ | 133 | 26.71 | 2.149 |
| | ١١-١٥ ساڵ | 147 | 26.27 | 2.429 |
| | ١٦ ساڵ و زیاتر | 85 | 26.71 | 2.109 |
| | کۆی گشتی | 420 | 26.54 | 2.679 |
| ڕەهەندی ڕەفتاریی | ١-٥ ساڵ | 55 | 38.00 | 3.180 |
| | ٦-١٠ ساڵ | 133 | 38.78 | 3.232 |
| | ١١-١٥ ساڵ | 147 | 38.82 | 3.477 |
| | ١٦ ساڵ و زیاتر | 85 | 39.20 | 3.588 |
| | کۆی گشتی | 420 | 38.78 | 3.392 |
| ڕەهەندی سۆزداریی | ١-٥ ساڵ | 55 | 20.31 | 2.610 |
| | ٦-١٠ ساڵ | 133 | 20.74 | 2.302 |
| | ١١-١٥ ساڵ | 147 | 20.69 | 2.381 |
| | ١٦ ساڵ و زیاتر | 85 | 21.05 | 2.314 |
| | کۆی گشتی | 420 | 20.73 | 2.375 |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp242-255

خشتەی (٢٥)

تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا بۆ ئاستی لێهاتویی پیشەیی بەگوێرەی ساڵانی خزمەت نیشاندەدات.

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازیی | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی ژمێرەیی دوجاکان | بەها (ف) F-test | ئاستی بەڵگەداریی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەهەندی زانەکی | لە نێوان گروپەکان | 16.68 | 3 | 5.561 | 0.774 | 0.509 |
| | لەنێوخۆی گروپەکان | 2989.71 | 416 | 7.187 | | بەڵگەدار نییە |
| | کۆی گشتی | 3006.39 | 419 | | | |
| ڕەهەندی ڕەفتاریی | لە نێوان گروپەکان | 48.73 | 3 | 16.243 | | 0.237 |
| | لەنێوخۆی گروپەکان | 4771.68 | 416 | 11.470 | 1.416 | بەڵگەدار نییە |
| | کۆی گشتی | 4820.41 | 419 | | | |
| ڕەهەندی سۆزداریی | لە نێوان گروپەکان | 18.59 | 3 | 6.195 | | 0.349 |
| | لەنێوخۆی گروپەکان | 2344.47 | 416 | 5.636 | 1.099 | بەڵگەدار نییە |
| | کۆی گشتی | 2363.06 | 419 | | | |

توێژەر پێیوایە نەبوونی جیاوازیی لە ئاستی لێهاتویی پیشەیی لای مامۆستایان لەنێوان ئاستە جیاوازەکانی تەمەن دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی پێدەچێت مامۆستایان وەکو یەك بڕوانە گرنگیدان بە ئاستی لێهاتویی پیشەیی و وەکو یەك تاقیگەی زانستی و ئامرازە فێرکاریەکان بەکار بهێنن. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەکەی (سالم و ئەوانی تر، ٢٠٢٣).

٤-٣-٣ : ئاستی لێهاتویی پیشەیی بەگوێرەی پسپۆریی.

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی پسپۆریی لەسەر ڕەهەندەکانی لێهاتویی پیشەیی، تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا (One way ANOVA) بەکارهات وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت: لە هیچ یەك لە ڕەهەندەکانی لێهاتویی پیشەییدا (زانەکی، ڕەفتاریی و سۆزداریی) جیاوازییەکی بەڵگەداریی ئاماریی لە نێوان پسپۆرییەکانی (زمان، زانستەکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکان)دا نییە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی کە لە هەموو ڕەهەندەکاندا.(P-Value>0.05)

خشتەی (٢٦)

داتای وەصفی پسپۆریی نیشاندەدات

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازیی | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| ڕەهەندی زانەکی | زمان | 152 | 26.42 | 2.357 |
| | زانستەکان | 158 | 26.54 | 3.276 |
| | زانستە کۆمەڵایەتییەکان | 110 | 26.69 | 2.093 |
| | کۆی گشتی | 420 | 26.54 | 2.679 |
| ڕەهەندی ڕەفتاریی | زمان | 152 | 38.76 | 3.522 |
| | زانستەکان | 158 | 38.66 | 3.482 |
| | زانستە کۆمەڵایەتییەکان | 110 | 38.96 | 3.086 |
| | کۆی گشتی | 420 | 38.78 | 3.392 |
| ڕەهەندی سۆزداریی | زمان | 152 | 20.65 | 2.569 |
| | زانستەکان | 158 | 20.70 | 2.216 |
| | زانستە کۆمەڵایەتییەکان | 110 | 20.87 | 2.331 |
| | کۆی گشتی | 420 | 20.73 | 2.375 |

خشتەی (٢٧):

تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا بۆ ئاستی لێهاتووی پیشەیی بەگوێرەی پسپۆری نیشان دەدات.

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازیی | کۆی دوجاکان | دەرەجەی ئازادیی | ناوەندی ژمێرەیی دوجاکان | بەها (ف)F-test | ئاستی بەڵگەداریی0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەهەندی زانەکی | لە نێوان گرووپەکان | 4.66 | 2 | 2.329 | 0.323 | 0.724 |
| | لەنێوخۆی گرووپەکان | 3001.73 | 417 | 7.198 | | بەڵگەدار نییە |
| | کۆی گشتی | 3006.39 | 419 | | | |
| ڕەهەندی ڕەفتاریی | لە نێوان گرووپەکان | 5.86 | 2 | 2.929 | | 0.776 |
| | لەنێوخۆی گرووپەکان | 4814.55 | 417 | 11.546 | 0.254 | بەڵگەدار نییە |
| | کۆی گشتی | 4820.41 | 419 | | | |
| ڕەهەندی سۆزداریی | لە نێوان گرووپەکان | 3.30 | 2 | 1.650 | | 0.747 |
| | لەنێوخۆی گرووپەکان | 2359.76 | 417 | 5.659 | 0.292 | بەڵگەدار نییە |
| | کۆی گشتی | 2363.06 | 419 | | | |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp242-255

توێژەر پێیوایە نەبوونی جیاوازیی لە ئاستی لێهاتویی پیشەیی لای مامۆستایان لەنێوان پسپۆڕیە جیاوازەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە مامۆستایان لە پسپۆڕیە جیاوازەکان هەوڵەکانیان لەیەکەوە نزیکە بۆ ئەوەی لێهاتویی پیشەیی گونجاویان هەبێت کە گونجاوبێت لەگەڵ خوێندکارانی قۆناغی ئامادەییدا، هەروەها نەمانی سەرپەرشتی پسپۆڕی لە ناوەندەکانی خوێندندا لەم چەند ساڵانەی دوایدا بەهۆی سیستەمی تازەی سەرپەرشتیکردنی مامۆستایان لە ناوەندەکانی خوێندن وایکردووە کە مامۆستایان وەکو یەك زیاتر پشت بەخۆیان ببەستن . ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەکەی (سالم و ئەوانی تر ، ٢٠٢٣) .

: 4-4ئامانجی چوارەم: زانینی پەیوەندیی نێوان پاڵنەری زانەکی و لێهاتویی پیشەیی لای مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی.

بە مەبەستی دۆزینەوەی پەیوەندیی پاڵنەری زانەکی بە لێهاتویی پیشەیی، سودمان لە هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسۆن (Pearson Correlation) وەرگرت هەر وەکو لە خشتەی (٢٨) دەردەکەوێت:

١.پاڵنەری زانەکی بڕی (٠,٢٥١) پەیوەندی ئاماریی بە ڕەهەندی زانەکی لێهاتویی پیشەیی هەیە. ئەم پەیوەندییە لەڕوی ئامارییەوە بەڵگەدار بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە .(P-Value<0.001) هەروەها جۆری پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە، واتە بە زیادبوونی پاڵنەری زانەکی ڕەهەندی زانەکی لە لێهاتویی پیشەییش زیاد دەکات و بە پێچەوانەشەوە ڕاستە. لەڕوی هێزەوە ئەم پەیوەندییە بە پەیوەندییەکی لاواز ئەژمار دەکرێت.

٢ .پاڵنەری زانەکی بڕی (٠,٣٨٢) پەیوەندیی بەڵگەداریی ئاماریی لەگەڵ ڕەهەندی ڕەفتاریی لە لێهاتویی پیشەیی هەیە .(P-Value<0.001) جۆری ئەم پەیوەندییە ڕاستەوانەیە واتە هەرچەند پاڵنەری زانەکی زیاد بکات، ڕەهەندی ڕەفتاریی لێهاتویی پیشەیش زیاد دەکات و بە پێچەوانەشەوە ڕاستە. ئەم پەیوەندییە لە ڕوی هێزەوە بە ئاستێکی مامناوەند ئەژمار دەکرێت.

٣ .پاڵنەری زانەکی بڕی (٠,٣٥٣) پەیوەندیی بەڵگەداریی ئاماریی لە جۆری ڕاستەوانە لەگەڵ ڕەهەندی سۆزداری لە لێهاتویی پیشەیی هەیە. ئەم پەیوەندییە لەڕوی هێزەوە بە پەیوەندییەکی مامناوەند ئەژمار دەکرێت.

٤ .پاڵنەری زانەکی بڕی (٠,٤٠٨) پەیوەندیی بە لێهاتویی پیشەیی بە هەر سێ ڕەهەندەکانی (زانەکی، ڕەفتاریی و سۆزداریی) هەیە .(P-Value<0.001) جۆری پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە و بە ئاستێکی مامناوەند ئەژمار دەکرێت .

خشتەی (٢٨):

پەیوەندیی پاڵنەری زانەکی بە لێهاتویی پیشەیی نیشاندەدات

| گۆڕاو | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | پاڵنەری زانەکی | P-Value |
|---|---|---|---|---|
| پاڵنەری زانەکی | 94.13 | 9.044 | 1 | |
| لێهاتویی پیشەیی ڕەهەندی زانەکی | 26.54 | 2.679 | 0.251 | <0.001 |
| لێهاتویی پیشەیی ڕەهەندی ڕەفتاریی | 38.78 | 3.392 | 0.382 | <0.001 |
| لێهاتویی پیشەیی ڕەهەندی سۆزداریی | 20.73 | 2.375 | 0.353 | <0.001 |
| کۆی گشتی لێهاتویی پیشەیی | 86.05 | 6.874 | 0.408 | <0.001 |

لێرەدا توێژەر ئەو ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە مامۆستایان هەرچەند لە لایەنی زانەکی بەهێز بن و زیاتر بخوێننەوە و بڕوانامەی ئەکادیمیان بەرز بکەنەوە و زیاتر بەرەو پسپۆڕیی وردتر بچن درێژە بەخوێندنی بەرزتر بدەن ، ئەوا دەتوانن لێهاتویی پیشەیی پێشکەش بە خوێندکاران بکەن لە لایەنی (زانەکی ، ڕەفتاریی ، سۆزداریی) بەجۆرێك کە بابەتەکە زانستیانەتر دەگەیەنن و ڕەفتارییان لەگەڵ خوێندکاراندا پەروەردەییانە دەبێت و دەتوانن زیاتر لە هەست و سۆزی خوێندکارن تێبگەن و شیکردنەوەی ورد بۆ پێداویستی و حەزەکانی خوێندکاران بکەن و چارەسەر بۆ کێشەکانی خوێندکاران بدۆزنەوە .




وێنەی ژمارە ( ١ ): هێڵکاری پەیوەندی نێوان پاڵنەری زانەکی بە هەر سێ ڕەهەندەکانی لێهاتویی پیشەیی نیشان دەدات.

٥ :دەرئەنجامی گشتی و پێشنیازەکان و ڕاسپاردەکان:

٥-١ :دەرئەنجامەکان:

ئەمەی خوارەوە پێشکەشکردنی ئەو دەرئەنجامانەیە کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە و لێکدانەوەکانیان بەپێی پرسیارەکانی توێژینەوەکە و ئامانجەکانی توێژینەوەکە ڕێکخراوە بۆ ئەوەی ورد و بابەتیانە بێت لە دیاریکردنی ئاستی پاڵنەری زانەکی لای مامۆستایانی ئامادەیی بەگوێرەی گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان و پەیوەندی بە لێهاتویی پیشەیی مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی:

١ -پاڵنەری زانەکی و لێهاتویی پیشەیی لای مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی لە سنوری پەروەردەیی پشدەر لە ئاستێکی بەرزدایە.

٢ -جیاوازی بەڵگەداریی ئاماریی لە ئاستی پاڵنەری زانەکی بەدیناکرێت بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافیەکانی لە نێوان (ڕەگەز، ساڵانی خزمەت ، پسپۆڕیی)دا .

٣ -جیاوازییەکی بەڵگەداریی ئاماریی لە ئاستی لێهاتویی پیشەیی لە هیچ یەك لە ڕەهەندەکانی لێهاتویی پیشەییدا (زانەکی، ڕەفتاری، سۆزداری) بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان لە نێوان (ڕەگەز ، ساڵانی خزمەت ، پسپۆڕیی )دا بەدیناکرێت.

٤ -دەرکەوت کە پاڵنەری زانەکی پەیوەندی ئاماریی بە هەر سێ ڕەهەندەکانی (زانەکی، ڕەفتاریی و سۆزداریی) لێهاتویی پیشەییدا هەیە ، جۆری پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە، ئەم پەیوەندییە لە ڕوی هێزەوە بە ئاستێکی مام ناوەند ئەژمار دەکرێت.

٥-٢ :پێشنیازەکان :

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp242-255

لەبەر رۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر پێشنیازی ئەمانەی خوارەوە دەکات :

١ -وەزارەتی پەروەردە گەشەی زیاتر بە پەیڕەوی خوێندن و هاندانی مامۆستایان بۆ خوێندنەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و گرنگیدان بە بیرکردنەوەی نوێ بدات .

٢ -وەزارەتی پەروەردە گرنگی بە سەردانی زانستیی و گەشتی زانستیی بۆ مامۆستایان و بەشداریکردنیان لە خول و سمینار و سەردانکۆڕکیی زانستیی لەنێوان مامۆستایاندا بدات .

٣ -وەزارەتی پەروەردە گرنگی زیاتر بە ڕێگای وانە وتنەوەی نوێ و هاوچەرخ و ئەنجامدانی چالاکی گروپات بدات و بەکارهێنانی ڕێگای کلاسیکی و کۆن لە لایەن مامۆستایان .

٣-٥ :ڕاسپاردەکان :

لەبەر رۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر پێشنیازی ئەم ناونیشانانەی خوارەوە دەکات ، کە وەك توێژینەوە ئەنجام بدرێن:

١ .ئەنجامدانی توێژینەوەیەک هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە لەسەر قۆناغە ئەکادیمیە جیاوازەکان وەکو مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی و مامۆستایانی زانکۆ.

٢ .ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی دیکە لەسەر نمونەی زیاتر و کۆمەڵگای فراوانتر لە سنوری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەکانی تری هەرێمی کوردستان.

## سەرچاوەكان


سعید ، بەهات عبدالرزاق ،(٢٠٢٣) ، كاریگەری بەكارهێنانی ستراتیجیەكانی (وتووێژی سوكراتی) و (كێشە بنێرە) لەسەر بیركردنەوەی زانستی و ڕێزگرتن لە بەرامبەر و ئاراستە بەرەو وانەی گفتوگۆی ئەكادیمی لای خوێندكارانی زانكۆی كۆیە.

قەرەچەتانی ، كریم شریف ، (٢٠١٨) ، پێوانە و هەڵسەنگاندن لە بواری پەروەردە و دەروونزانی ، چاپخانەی زبانی صلح ، تهران .

ابوعيشة ، اماني كمال سعيد , (٢٠١٩ )." درجة الدافعية لدى المعلمين العاملين في وزارة التربية والتعليم: محافظة العاصمة , دار المنجد للتدريب و الدراسات، جامعة الاردنية , المجلد ٤٦ ، العدد ٢، ملحق ٢ , على الرابط ,

https://archives.ju.edu.jo/index.php/edu/article/download/15907/10345/55444 . استرجع بتاريخ ١٩-٩-٢٠٢٤.

بلقاسم , خيالى , (٢٠١٨) , قياس مستويات الدافع المعرفي لدى عينة من تلاميذ السنة الثانية ثانوي شعبتي العلوم التجريبية والتقني رياضي , مجلة حقائق للدراسات النفسية والاجتماعية , مجلد ٩ , العدد ٣ ,على الرابط https://www.asjp.cerist.dz/en/article/131168 , استرجع بتاريخ ١٢ -٩-٢٠٢٤.

بلقيس, احمد, وتوفيق, مرعي ، (١٩٨٣) الميسر في علم النفس التربوي, ط ١, دار الفرقان.

بوحفص ، عبدالكريم (٢٠١٠) التكوين الاستراتيجي لتنميةالموارد البشرية، الجزائر، ديوان مطبوعات الجامعية.

جبار, هيمن إسماعيل ,سعيد , بختيار حبيب, (٢٠٢١). قياس الدافع المعرفي لدى طلبة كلية التربية بجامعة كرميان. Journal of Garmian University , العدد (٨) , مجلد (٢) على الرابط https://jgu.garmian.edu.krd/article_135924.html استرجع بتاريخ ٢٠٢٤/١٠/٢٥.

حباكه، أمل سعيد(٢٠٢٢)، صيغ مقترحة للتنمية المهنية للمعلمين بمصر في ضوء خبرة سنغافورة. مجلة دراسات تربوية واجتماعية, على الربط ، مجلد ٢٨ ، عدد ٢ ، https://journals.ekb.eg/article_277298.html استرجع بتاريخ ٢٢-٩- ٢٠٢٤.

خاليدي , قاسم مطر (٢٠٢١) القياس و التقويم ,كليه التربية , الجامعة – بصرة.

ربيع,هادى مشعان(٢٠٠٨),التربية والتعلم,طبعة الأولى,مكتبة المجتمع العربى للنشر والتوزيع.

زهران ، آمنه سعيد ،(٢٠٢١) ، الكفايات المهنية لدى أعضاء الهيئة التدريسية في الكليات التقنية في الضفة الغربية في ضوء المعايير العالمية ، المجلة العربية للنشر العلمي ،العدد ٣١ ، على الربط https://www.ajsp.net// استرجع بتاريخ ٢٠٢٤/١١/٢٩.

الزهرة،شنكامة (٢٠١٣) ، تسيير الكفاءات البشرية في المؤسسة ، جامعة قاصدي مرباح ورقلة ، الجمهورية الجزائرية. على الربط https://dspace.univ-ouargla.dz/jspui/handle/123456789/1188 استرجع بتاريخ ٢٠٢٤/١٢/١٥.

زيتون ، حسن حسين (٢٠٠١) تصميم التدريس رؤيه منظومة عالم كتب , القاهرة , ط٢ , المجلد الاول و الثاني.

سالم ، عيسى ، عثمان ، (٢٠١٢) محمد عبالستار ، أحمد نبوى عبده ، خاليد عبدالحميد ، (٢٠١٢) ، الكفايات المهنية لدى بعض معلمي التربية الخاصة في ضوء معايير الجودة الشاملة ، كلية لاتربية ، جامعه الملك عبدالعزيز ، العدد(٢٧).

الشمرى ، مي مصدق دلفي ,(٢٠١٦) قياس الدافع المعرفي لدى المرشدين التربويين, مجلة الكلية التربية , الجامعة المستنصرية , مجلد ٤ , عدد ١٧ , على الربط uomustansiriyah.edu.iq , استرجع بتاريخ , ٢٠٢٤/١٠/٢٤.

علاونة، شفيق (٢٠٠٤) : علم النفس العام ، دار السيرة للنشر والتوزيع،الاردن.

على ، رحيم حلو ، (٢٠١٨) ، الدافع المعرفي وعلاقته بالكفاءة المهنية لمعلمي التربية الرياضية ، رسالة ماجستير منشورة ،كلية التربية , جامعة ميسان، العراق . على الرابط https://www.asjp.cerist.dz/en/article/129061 استرجع بتاريخ ١٨-٩-٢٠٢٤ .

العمراني، محمد عبد الغني اسماعيل: أصول التربية (صنعاء: دار الكتاب الجامعي، ٢٠١٤)

عزوز ،مرابط عياش (٢٠١٨) , الكفاءة المهنية , دار اقرأ للكتاب , على الربط , file:///C:/Users/byte/Downloads/%D8%A7%D9%84%D9%83%D9%81%D8%A7%D8%A1%D8%A9%20%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%87%D9%86%D9%8A%D8%A9_55672_Foulabook.com_.pdf استرجع بتاريخ ٢٠٢٥/٣/٣.

قاسم,نادر فتحى (٢٠١٥), الخصائص السيكومترية لمقياس الكفاءة المهنية , مجلة كلية التربية - عين شمس – مصر, على الربط https://abhathna.com/files/maqa/443.pdf , استرجع بتاريخ ٢٠٢٤/١١/١١ .

محمد ، نعمة عبد السلام ، (٢٠١٩) الدافع المعرفي واستراتيجيات التعلم المنظم ذاتيا منبئات بالتسويف الأكاديمي لدى طلاب المرحلة الجامعية ،كليه التربيه ، جامعه السويس ، مجلة ٢٥ ، عدد ٤. على الربط

https://journals.ekb.eg/article_224678_fe9a64306cce408ed7c8e39f5040118c.pdf استرجع بتاريخ ٢٠٢٤/١٠/٢٦.

محمود ، أحمد محمد نوري ، (٢٠٠٤)، قياس الدافع المعرفي لدى طلبة جامعة الموصل ،كلية التربية ، جامعة الموصل ، أطروحة الدكتوراه.

مراد ، قهلوز (٢٠١٩) ، الذكاء الانفعالي وعلاقته بالكفاءة المهنية ودافعية الإنجاز لدى أساتذة التربية البدنية والرياضية في الطورين الاكمالي والثانوي ، معهد التربية البدنية والرياضية ، جامعة الجزائر .

مراد ، صلاح أحمد و سليمان , أمين على (٢٠٠٥) الاختبارات و المقاييس في العلوم النفسية والتربوية خطوات اعدادها و خصائصها , دار الكتاب الحديث , القاهرة.

هاملي ، عبدالقادر (٢٠١١) ، وظيفة تقييم كفاءات الأفراد في المؤسسة، الجزائر- تلمسان: جامعة أبو بكر بلقايد.

يونسكو (٢٠٢٠) دليل إعداد السياسات الخاصة بالمعلمين http//: sar.unesco.org/themes/teacher

Borko, H., 2008. Professional development and teacher learning: Mapping the terrain. Educational researcher, 33(8), pp.3-15 .

Brookfield, S.D., 2015. The skillful teacher: On technique, trust, and responsiveness in the classroom. John Wiley & Sons.

Hussein, H.K.S., 2022. Cognitive Motivation and its Relationship to Academic Achievement among Preparatory Stage Students. NeuroQuantology.

LaGuardia, J. 2017. Self-determination theory in practice: how to create an optimally supportive health care environment. Middletown, DE. Independently published 2017.

Sudibyo, B., 2007. Standar Kualifikasi Akademik dan Kompetensi Guru berdasarkan Peraturan Menteri Pendidikan Nasional Republik Indonesia Nomor 16 Tahun 2007.

## الدافع المعرفي وعلاقته بالكفاءة المهنية لدى معلمي المدارس الثانوية

**ملخص :**

تهدف هذه الدراسة إلى تحديد مستوى الدافعية المعرفية والكفاءة المهنية لدى مدرسي المرحلة الاعدادية بصـــورة عامة و معرفة المســـتوى المعرفي و الكفاءة المهنية لدى مدرسي المرحلة الاعدادية ضمن حدود مديرية تربية قضاء بشـدر ، حسـب متغيرات الديموغرافية من حيث ( الجنس ، سنوات الخدمة ، الاختصاص ) لمعرفة العلاقة بين المستوى المعرفي و الكفاءة المهنية لدى مدرسي المرحلة الاعدادية. واستخدم الباحث المنهج, الوصف بأسلوب ,العلاقات الأرتباطية , يتكون مجتمع البحث من جميع مدرسي المرحلة الاعداية في المداس الحكومية للسـنة الدراسـية (٢٠٢٤-٢٠٢٥) ضمن حدود مديرية تربية بشـدر والبالغ (٦٦٠) من كـــلا الجسـين . نموذج البحث يتكون من (٤٢٠) من كلاالجنسـين اختيروا بصـورة عينة عشـوائية طبقية متناسـبة . الادوات التي اســـتخدمت عبارة عن (الدافع المعرفي و الكفاءة المهنية ) التي اخذها و قام باعدادها الباحث بعد استخراج المصداقية والثبوتية للمعايـــــــر وتقسيمها على نموذج البحث . لتحليل النتائج اســتفاد الباحث من الحقيبة الاحصــائية للعلوم الاجتماعية (spss). اهم النتائج التي توصلت اليها البحث هي : ـــ الدافع المعرفي و الكفاءة المعرفية لدى مدرسي المرحلة الاعدادية من كلا الجنســـين ضمن حدود مديرية تربية بشـــــدر عالية . ظهرت ان للدافع المعرفــي علاقة احصائية بالابعاد الثلاثة ( المعرفي ، سلوكي ، عاطفي ) . و نوع العلاقة طردية .بمعنى ان مع ارتفاع الدافع المعرفي ترتفع الكفاءة المهنية . ومع انخفـاض الدافع المعرفي تنخفض الكفـاءة المهنيـة. من حيـث القوة تعتبر هـذه العلاقة علاقة وسطية.

**الكلمات المفتاحية :** الدافع المعرفي، المهارات المهنية، النظرية السلوكية، نظرية هنري موراي، المرحلة الاعدادية

## Cognitive Motivation and its Correlation to Professional Competence Among Secondary School Teachers

ABSTRACT

The objective of this study is to determine the level of cognitive motivation and professional competence among high school teachers in general, to determine the level of cognitive motivation and professional competence among high school teachers according to demographic variables (sex, years of service, expertise), to determine the relationship between academic motivation and professional skills among high school teachers. The researcher used the descriptive correlational method. The community of this study consists of all high school teachers in public schools for the academic year (2024-2025) in the Pishdar district, which included (660) teachers of both sexes. The study sample was (420) teachers; stratified random sampling was used to select from the population. The measurement tools used are (cognitive motivation and professional skills) which were adapted by the researcher. After testing the validity and reliability of the measurements, they were divided onto samples of the study. The Results were analyzed using the Statistical Package for Social Sciences (SPSS). The most important findings of this study are: cognitive motivation and professional skills among high school teachers in the Pishdar directorate of education are at a high level , It is found that cognitive motivation is statistically related to all three dimensions (cognitive, behavioral, emotional) of professional skills; the type of correlation is linear. That is, with increasing cognitive motivation, professional skills increase, and vice versa. In terms of strength, this correlation is considered moderate.

KEYWORDS: Cognitive Motivation, Professional Skills, Behavioral Theory, Henry Murray Theory, High School.